# بۆپێشەوە

FORWARD

بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە

ساڵی چوارەم، ژمارە (81) 15/8/2020 بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە مانگی دووجار، لە (1)و(15)ی هەموو مانگێکدا دەرئەچێت


دۆسیەی ژمارە: هەلومەرجی سیاسی کوردستان و چۆنیەتی ڕاماڵینی دەسەڵاتی بۆرژوازی کورد

دیمانەی تایبەت لەگەڵ محسین کەریم و تاهیر حاجی حەسەن لە لاپەرە 9-10 دەخوێننەوە...

# دەست لەکارکێشانەوەی حکومەت و هەڵبژاردنی پێش وەختە ڕێگایەکە بۆ پاراستنی دەسەڵات، پێویستە تەواوی دەسەڵاتی سیاسی ڕابماڵرێت!

قەیرانێکی قوڵی سیاسی، ئابوری، ئیداری و تەندروستی، یەخەگیری دەسەڵاتی سیاسی بۆرژوا ناسیونالیستی کورد، بۆتەوە. دەسەڵاتی سێ کوچکەی پارتی و یەکێتی گۆڕان، لە بنبەستێکی تەواو دایە. حکومەت و پەرلەمانە کارتۆنیەکەیان کە ڕوخساری فریوکارانە و ئەلقەیەکی لاوازی دەسەڵاتی میلیشیاییە، بۆ یەک ساتیش وزە لە جەستەیدا نەبووە و هیچ ڕۆڵێکی نەبووەو نییە. ئۆپۆزیسیۆنی بۆرژوازی لە لاوازترین دەورانی ژیانی خۆیدایەو هیچ ڕۆڵێکی دیار لەبەرامبەر بەدەسەڵاتدا ناگێرێت و هاوکاتیش توانستی بەهرەبەرداری لە بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری کوردستاندا نییە.

لەباری سیاسیەوە دەسەڵاتی بزوتنەوەی کوردایەتی تادێت توانایی و ڕادەی بەشداری سیاسی لەسەر ئاستی عێراقدا بەرتەسک دەکرێتەوەو پێگەی بەرەو لاوازی دەچێت و چووە، ئاستی داواکاری و خواستەکان لەبەرامبەر بە بزوتنەوە بۆرژازییەکانی عێراقدا تا هاتووە بەرەو خوار چووە، بەدوای ١٦ ئۆکتۆبەرەوە تاهاتووە کەوتۆتە حاڵەتی بەرگرییەکی لاواز لەبەرامبەر بە قەڵەمرەوی و سیاسەت و نەخشەکانی بۆرژوازی عێراقیدا. ئەگەر جاران بزوتنەوەی کوردایەتی ململانێکانی لەگەڵ بەغدادا لەسەر چەندین بابەتی سیاسی و...

بۆ لاپەڕە 2

## بەشێک لە شارو شارۆچکەکانی کوردستان بوونە مەیدانی خۆپیشاندان و کۆبونەوەی ناڕەزایەتی



بۆ لاپەڕە 3...



## موحسین کەریم: ئەوەی کە زیان لێکەوتووی سەرەکی و ئەوەڵ و ئەخیری دەسەڵاتی کوردایەتی و بۆرژوازی کوردە چینی کرێکاری کوردستانە...ل9



## تاهیر حاجی حەسەن: مێژووی بزووتنەوە کرێکارییەکان لەنێو ناڕەزایەتییەکانیان دژ بەخاوەنکار یان دەوڵەت و سیستەمی سەرمایەداریدا، هێندەی مێژووی سەرمایەدارییە...ل10

## عوسمان حاجی مارف لەبەرامبەر بە بێدەربەستی دەسەڵاتدا بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی کۆرۆنا ڤایرۆس، نامەیەک ئاراستەی ڕێکخەری گشتی تەندروستی جیهانی دەکات...ل2





## شەپۆلێکی بەرینی مانگرتنی کرێکاریی لە ناوەندە کرێکارییەکانی ئێراندا ل3

## چەتەییەکی نوێ لە سنورەکانەوە دەست پێدەکات...ل3

## خەستەخانە تایبەتییەکان دەبێ دەستیان بەسەردا بگیرێت...ل4

## لوبنان: دەست لەکارکێشانەوەی حکومەت، بۆ ڕزگارکردنی دەسەڵات...ل4

## با ڕابماڵین دەسەڵاتی چەوسێنەر...ل5

## هەفت تەپە پارامێتری خەبات...ل6

## قوربانیانی توندوتیژی و نامووس پەرستی...ل6

گۆشەی ئەدەب و هونەر ل 7-8

بۆپێشەوە FORWARD بلاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە

## وتەی ژمارە

ئابوری و بودجە، ئەمنیەت و پێگەی بوو لەسەر ئاستی ناوچەکەدا... ئەگەر کێشەی وابەستەکانی خەڵکی کوردستانی لەگەڵ بەغدا لەوانە دۆخی کەرکوک، ناوچە کێشەلەسەرەکان، پیشمەرگە، بەرگری سنور... بابەت و موادی ململانێ بوون، وە ئەگەر باسی لە ١٧% بودجە، قەرەبووکردنەوە، بیناکردنەوە، دەستگرتنی بە ئابوری سەربەخۆ، فرۆشتنی نەوت و مل نەدانی بەبەغدا و... بوو. ئەگەر خاڵ و دەروازە گومرگییەکان لەدەستی خۆیدا بوون، پاراستنی ئەمنی سنورەکان!! جێگای نمایشکردنی توانایی هیزە چەکدارەکانی بوو، بە جەنگی دژی داعشەوە دەفشی... ئێستا ئەوانە هەموویان بە زیانی بزوتنەوەی بۆرژوازی کورد و حزبەکانی شکاوەتەوە. هەموو خواست و ویستی بۆتە دابینکردنی بەشێک لەبودجەی فەرمانبەران لەبەرامبەر ملدان و تەسلیم کردنی چەندین کەیس کە پێشتر لەدەستی خۆیدا بووە. بەم جۆرە لە ئاستی عێراقدا توشی پاشەکشەیەکی ئابڕووبەرانە بووە. لەسەر ئاستی ناوچەکەو دنیادا، پێگەی بزوتنەوەی کوردایەتی بە بەراورد بە ساڵانی رابردووە یان لانی کەم بە بەراورد بە سەردەمی پێش جەنگی داعش و دواتریش... قابیلی بەراورد نییە، چ ئەمریکا و غەرب و چ ولاتانی ناوچەکە جێگایەکی زۆر کەمتر و لاوازتر بە بزوتنەوەی کوردایەتی دەدەن و ئامادەنین وەکو پێشوو مامەڵەی لەگەڵدا بکەن، لە جێگای ئەوەی زۆرتر مامەڵە لەگەڵ بۆرژوازی عێراقدا دەکەن. لەناوخۆی کوردستاندا کە پێگەو مەیدانی سەرەکی پیگرتن و مانەوە و کاری سیاسیانە، بەهۆی کارنامەی سیاسی شکستخواردوویان توشی دارمانێکی هەمەلایەنە بوونەتەوە، ئەمڕۆ هەموو تاکێکی کۆمەڵگەی کوردستان و سەرجەم بزوتنەوە کۆمەڵایەتییە سیاسیەکانی لەوانە" کرێکاران، لاوان و خوێندکاران، ژنان و ..." بەچاوی دوژمنی سەرەکی خۆیان و کۆسپی بەردەم خواست و داواکاریی و مافەکانی خۆیانی دەزانن. وە قڵشتێکی یەکجار گەورە کە جێگای پربووەنەوە قەرەبووکردنەوە نییە، لە نێوان بەشی هەرە زۆری کۆمەڵگە لەگەڵ دەسەڵاتی حزبی هێزە سیاسییەکانیدا، پێکهاتووە.

لەباری ئابورییەوە، دەسەڵاتی سیاسی هەرێم و سەرجەم بزوتنەوەی کوردایەتی، دەرگیری ئەزمەیەکی قوڵی چارهەڵنەگر بۆتەوە کە توانای دابینکردنی موچە و سەرەتاییترین خزمەتگوزارییەکانی.. لە ئاو کارەباوە بۆ خویندن و پەروەردە، بۆ کەرتی تەندروستی، ریگا وبان... نییە... دزی و تالانی بێداد دەکات و بۆتە تایبەتمەندیەکی دەسەلات و حزبەکانی. دزی و تالانی بەجیا لەوەی لە داهات و سامان و لە نەوت و خاڵەسنورییەکان و گومرگ و سەرجەم سەرچاوەکانی داهات و بازرگانی و بەڵیندەرایەتی و سلکی پەیوەندیەکان و گواستنەوەو...تاد، بە سیستماتیکی دەدزن، لەوەش زیاتر تەنانەت لە هەواش دەدزن، لە یەک کیلۆ شەکر و برنجی بایعی دەدن، لە یەک لیتر بەنزین و گاز و غاز دەدەزن، لە یەک ژەم خوارن دەدزن، لە موچەو نیوە موچە دەدزن، لە ڕۆژەکانی هەفتەو مانگەکان دەدزن... ئەمەش دۆخێکی بۆ جەماوەر خوڵقاندووە کە لەلایەکەوە بێکارییەکی فراوان، لەلایەکی ترەوە گرانی و هەژاری و بێدەرەتانی کردۆتە نسیبی بەشی هەرەزۆری کۆمەڵگە.

لەرووی ئیدارییەوە، ئاسەواریٚ حکومەتداری!! و فۆرمی دەسەڵاتێکی یاسایی وئاسایی، لەهیچ ئاستیکدا بوونی نییە. حزب و حزب و بنەماڵە... هەمەکارەن و دەستیان لەناو کایەکی بەڕێوەبردندا هەیە، قوتابخانەکان، خەستەخانەکان، کەرتی ئاو کارەبا، ڕیگاو بان، خوێندن و پەروەردە، و سەرجەم دائیرەو بەڕێوەبەرایەتیەکان، لە حاڵەتی ئیفلیجیدان... بوون و نەبوونیان وەکو یەکی لێهاتووە. دەسەڵات بەجیا لەوەی بۆتە ملۆزمی پاراستنی ئەو تالان و دزییە، هاوکات پارێزەری مانەوەی دەسەڵاتەکەی لە ریگای خنکاندنی ئازادییەکان و سەرکوتەوە هیچ کارێکی تری نییە، فریوکارییەکانیشی بەبن بەست گەیشتووە، خۆ ئەگەر بە ڕیکەوت قسەیەکی راستی سەلمێنراویش بکەن لای زوربەی جەماوەرەوە بەچاوی درۆ و گومانەوە لێی دەڕوانرێت.

قەیرانی تەندروستی، کە لەبنەڕەتەوە بەشێکە لە قەیرانی سەرمایەو دەسەڵاتی سیاسی، خەڵکی کوردستان و بەتایبەتیش چینی کریکار و بێبەشانی تووشی هەناسە سواری کردووە. بەدەیان کەس تەنها بەهۆی نەبوونی ئۆکسجین، بێدەربەستی کەرتی تەندروستی، گیانیان لەدەستداوە. ئەمە نەک تەنها نیشاندانی دارمانی کەرتی تەندروستییە لەژێر دەسەڵاتی ئۆکسجین دزی بزوتنەوەی کوردایەتیدا، بەڵکو دارمانێکی ئەخلاقی و ئینسانی دەسەڵاتیشە. دەسەڵاتێک بەهۆی کەمی ئۆکسجینەوە هاوڵاتیەکانی گیان لەدەست بدەن، بەمانای نەمانی هەموو قیەمێکە.

لەنێو دڵی ئەم هەلومەرجەدا، جەماوەری فراوانی خەڵک هیچ چاوەڕوانیەکیان لە هیچ ئاستێکدا لەدەسەڵات نەماوە. وە بە کردەوە بەو راستیە گەیشتوون کە ئەم دەسەڵاتە ناتوانێت چاکسازی بکات. ناتوانێت ئەم ئەزمە سەرپاگیرە قوڵە تێپەڕێنێت.

لەبەرامبەر ئەو قەیرانە سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی و تەندروستیەی کوردستاندا، چەند ئەڵتەرناتیفێک دەخرێنە روو... لەوانە دیدو ڕوانین بۆ راماڵینی دەسەڵات سەرەکیترین رەوتی ناوکۆمەڵگەیە و خەڵکی کوردستان بە کردەوە و بە قیمەتی نزیک بە ٣٠ ساڵ، لە ژیانی مەمرەو مەژی و بێمافی و سەرکوت و تالانکردنی دەسترەنجی ماندوبوونیان، گەیشتوون بەو راستیەی کە ڕێگاچارە تەنها راماڵینی دەسەڵات و تەفروتوناکردنی ئەم دەسەڵاتەیە.

لەنێو دڵی بەرینبوونەوەو فراوانبوونەوەی خواستی راماڵینی دەسەڵاتدا، بەشێک لە هێزە سیاسیەکان، پیشنیاری هەڵوەشاندنەوەی حکومەت و هەڵبژاردنی پێش وەختە دەکەن، ئامانجیشیان لەخستنە ڕووی ئەو ئەڵتەرناتیفە ڕزگارکردنی دەسەڵاتی بزوتنەوەی کوردایەتییە، لە تورەیی جەماوەری و پاشەکشە پێکردنی خواستی خەڵکی کوردستانە لە ڕاماڵینی دەسەڵات.

حکومەت هەرگیز لە کوردستاندا ڕۆڵێکی نەبووە، و تەنها کاریکاتۆرێکی لاکەوتەی دەسەڵاتی حزبیی بووە، لەدنیا واقعیدا بوونی نییە تا داوای وەلانان و هەڵوەشاندنەوەی بکرێت، ئەوە بەجیا لەوەی هەڵوەشاندنەوەی حکومەت و هەڵبژاردنی پیش وەختە لە ژێر سایەی قەوارەی دەوڵەتییشدا، لە بنەرەتدا بۆ رزگارکردنی دەسەڵاتە لە ڕمان و راماڵینی. بۆ گۆڕینی کۆمەڵێک دەم و چاوە، بە کۆمەڵێک دەم وچاوی تر و هیشتنەوەی هەمان دەسەڵاتی سیاسی بۆرژوازییە، لە بەرگ و فۆرمێکی تردا.

هێنانە گۆڕی خواستی دەست لەکارکیشانەوەی حکومەت، هیچ ناکۆکیەکی سەرەکی لەگەڵ ویستی خودی دەسەڵاتی سیاسی نییە، ئەوە خودی دەسەڵاتی سیاسییە کە زۆرجار بۆ رزگارکردنی دەسەڵاتەکەی لە روخاندن و راماڵینی دەسەڵاتی لەخوارەوەی جەماوەری، پەنا بۆ هەڵبژاردنی پیش وەختە، پیکهێنانی حکومەتی رزگاری نیشتیمانی و دوبارە وەریخستنەوەی گەمەی هەڵبژاردنەکان دەبات.

یان باڵ و چەند باڵێکی تری بۆرژوازی دەرەوەی دەسەڵات، بۆ دەستگیربوونیان لەدەسەڵات و لەچوارچێوەی ململانیان لەگەڵ حزبە فەرمانرەواکان، لەهەلومەرجە ئەزمەگرتوەکاندا بانگەشەی هەڵوەشاندنەوەی حکومەت و پێکهێنانی حکومەتی کاتی دەکەن.

نابیٚ ئەو ئەزموونە دوبارە بێتەوە، کە زوربەی جار، بەهێنانە گۆڕی ئەم سیناریۆیە توانیوویەتی دەسەڵات لەدەست راپەرین و شۆرشی خەڵک رزگار بکات و سەرئەنجام شۆرش و راپەرین لە نیوە ڕیگادا رابگرێت.

دیارە دەست لەکارکێشانەوەی حکومەتییێک لەژێر گوشاری جەماوەریدا تەواو جیاوازە لەدەست لەکارکیشانەوەی دەسەڵاتێک بەهۆی ئەزمەی ناوخۆیی یان گوشاری هێزە سیاسییە بۆرژوازییەکانی تر. ئەگەر دەسەڵاتێک بەهۆی پەرەگرتنی نارەزایەتی جەماوەری و بەهۆی ڕاپەرین و شۆرشەوە حکومەت هەڵوەشینێتەوە، پێویستە ئەوە تەنها وەکو هەنگاوێکی سەرەتایی شۆڕش و ڕاپەرین، بۆ ڕاماڵینی تەواوی دەسەڵاتی سیاسی و گۆڕنکاری ریشەیی درێژەی پێبدرێت، نەک لە نیوەی ڕێگادا بوەستێت.

خەڵکی نارازی کوردستان و بزوتنەوەی نارەزایەتی کریکاریی و جەماوەری و هیزی چەپ و کۆمۆنیستی ناو کۆمەڵگە ئەرکیانە، جەماوەری بیبەش و زوڵملێکراو لەپلانی بۆرژوازی و باڵەکانی بۆ رزگاری خۆیان و هێشتنەوەی دەسەڵاتی چینایەتی و تالانکارانەی خۆیان بەئاگا بهێنەوەو ریگا نەدەن، بە پاساوی هەڵوەشاندنەوەی حکومەت و پیکهێنانی حکومەتی کاتی و هەڵبژاردنی پێش وەختە، سواری نارەزایەتی فراوانی جەماوەری ببن و پاشەکشە بە خواست و بزوتنەوەی ڕاماڵینی دەسەڵاتی بۆرژوازی کورد، بکەن...

**ناوەڕاستی ئۆگەستی ٢٠٢٠**

# نامەی عوسمان حاجی مارف بۆ ڕێکخەری گشتی ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی ...

**د.تیدرۆس ئەدهانوم گیبریۆسوس بەریز ڕێکخەری گشتی ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی**

**جنێف- سویسڕا.**

**بەڕێز د.تیدرۆس**

دەمانەوێت سەرنجی ئێوەی بەڕێز ڕابکێشین بۆئەو هەلومەرجە نالەبارەی تەندروستی هاوڵاتیانی کوردستانی عێراقی پێدا تێپەردەبێت، بەهۆی پەتای کۆڤید ١٩ەوە هاتۆتە پێش.



هۆکاری سەرەکی پشتی ئەم هەلومەرجە دژوارەی تەندروستی لە کوردستان، شانخاڵیکردنەوەی دەسەڵاتدارانی حکومەتی هەرێمی کوردستانە لە بەرپرسیارێتی بەرامبەر تەندروستی و سەلامەتی هاوڵاتیانی خۆی.

بەرپرسیاریەتی ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم پەتایە بەتەواوی کەوتۆتە ئەستۆی هاوڵاتیان خۆیان، چونکە نەخۆشخانەکان بەدەست کەمی فریاگوزاری ئۆکسجین و خزمەتگوزاری تەندروستی پێویست و ناوەندی تاقیگە و پێشوازی توشبووان و چاودێریەوە دەناڵێنن و بێخزمەتی زۆریان پێوە دیارە.

لەوش زیاتر نەخۆشخانەکان توانای فەراهەمکردنی مەوادی پێداویستی و کەرەستە و کەلوپەلی تەعقیمکراو بۆ پاراستنی کەسەکانیان نییە.

سەرەڕای ئەوانە ئەوەی جێگەی نیگەرانی زۆرە، کێشەی ئامادەنەبوونی دکتۆر و پەرستیار و کارمەندی کەرتی تەندروستییە لە نەخۆشخانەکان. ئەوەش دوای ئەوەی کارمەندانی تەندروستی مانگرتنیان ڕاگەیاند، بەهۆی نەدانی مووچەی شەش مانگی ڕابردوو لە لایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە.

زیادبوونی ڕێژەی توشبووان و مردوان بە ڤایرۆسی کۆڤید-١٩ لە کوردستان، ڕەنگدانەوەی ئەو ڕاستیەیە کە حکومەتی هەرێم یارمەتیدەر نییە لە پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییە سەرەکییەکان و گرتنەبەری ڕێکارە پێویستەکان بۆ بەرگرتن بەم پەتایە.

لە ڕێگەی ئەم نامەیەوە بانگەوازتان دەکەین بۆ دەخالەتکردنی خێرا و ڕاستەوخۆتان بۆ فشار خستنە سەر حکومەتی هەرێم، بۆئەوەی بەرپرسیاریەتی لە ئەستۆ بگرن. هانیشتان دەدەین بۆ پێشکەشکردنی کۆمەکی پێویست بۆ بەرگرتن بەم پەتایە و کەمکردنەوەی ڕێژەی مردوان و توشبووان بەم ڤایرۆسە.

بەهیواین کە ناوەرۆکی ئەم نامەیە بەهەند وەرگرن و ڕێکارە پێویستەکان بگرنە بەر بۆ یارمەتیدان و ڕزگارکردنی ملیۆنان لەو خەڵکەی زەرەرمەند بوون لە ئەنجامی کەمتەرخەمیەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستانی- عێراق.

دڵسۆزتان

**عوسمان حاجی مارف**
**سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان**
**١٨ جولای ٢٠٢٠**

# بەشێک لە شارو شارۆچکەکانی کوردستان بوونە مەیدانی خۆپیشاندان و کۆبونەوەی ناڕەزایەتی

بەرواری ١٢ی ئەم مانگە، لەسەر بانگەوازی جوڵانەوەی نەوەی نوێ چەند کۆبونەوەیەکی جەماوەری و خۆپیشاندان لە شارەکانی سلیمانی و رانیە، قەڵادزی، هەڵەبجەو سەید سادق... دەستی پێکرد. لە هەولێر و دهۆک، لە ژێر قەڵەمرەوی دەسەلاتی پارتییدا، هیزی چەکدار و دەزگا ئەمنیەکان ڕیگەیان نەدا کۆبونەوەو خۆپیشاندان بکرێت و چەندین کەسیش دەستگیر کران. دیارە لە زۆنی سەوزیش هێزەکانی



سەر بەدەسەلات بۆ رووبەرووبوونەوەی خۆپیشاندەران لە ئامادەباشیدا بوون.

تورەیی و نەفرەتی جەماوەری لە کوردستاندا لەدژی دەسەڵاتی تاڵانچی بزوتنەوەی کوردایەتی قوڵپ دەدات و بەو هۆیەشەوە هەر هیزو لایەنێکی سیاسی دەرەوەی دەسەڵات بانگەوازی خۆپیشاندان بکات، بەشیک لە جەماوەری تورەو نارازی ئامادەی دەبن و دەیانەوێت لەو رێگایەوە داواو خواستەکانی خۆیان رابگەیەنن.

ئەوەی جێگای ڕامان و هەروەها چاوەروانکراویشە، جوڵانەوەی نەوەی نوێ نەک بۆ گۆرینی دەسەڵات و رامالینی ئەم دەسەڵاتە تاڵانچی و دزو سەرکوتگەرە، بەڵکو لە پیناو هەلوەشاندنەوەی حکومەتی نەبوو، وە بۆ هەڵبژاردنی پێش وەختەو دوبارە سازدانەوەی حکومەتیکی تری کارتۆنی، بانگەوازی خۆپیشاندانی جەماوەری کردبوو، لەکاتیکدا جەماوەری نارازی کوردستان خوازیاری رامالینی دەسەڵاتن و هیچ باوەریکیان بە حکومەت و پەرلەمان نییە و دەزانن ئەمانە هیچ کارەو کارتۆنین، ئەمەش ئەو راستیە دەخاتە روو، کە خواست و ویستی جوڵانەوەی نەوەی نوێ و لەگەڵ خواست و ویستی ملیۆنی جەماوەری کوردستاندا، تەواو بە یەک ناکۆکن.

خەڵکی کوردستان رامالینی دەسەڵاتی دەوێت، لە کاتێکدا جوڵانەوەی نەوەی نوێ دەیەوێت جەماوەر بکاتە ئامرازی رزگارکردنی ئەم دەسەڵاتەو دووبارە پیکهێنانەوەی حکومەتیکی کارتۆنی کە ئەمانیش دەمیان بگاتە ئەم دزی و تاڵانیەی دەسەڵات.

هیرش و سەرکوتی دەسەڵات بۆ سەر خۆپیشاندەران و ریگە گرتن لە کۆبونەوە خۆپیشاندان، مایەی ریسوایی دەسەڵاتەو هاوکات رووی دژە ئازادی و سەرکوتگەرانەی دەسەڵاتی بزوتنەوەی کوردایەتی دەخاتە روو. ئەم سەکوت و وەڵامە پۆلیسییە جیگای ئیدانەکردنەو هاوکاتیش دەبێت سەرجەم ئەوانەی بەهۆی ئەم خۆپیشاندانەوە دەستگیر کراون، دەبێ دەست بەجی ئازاد بکرێن.

# شەپۆلێکی بەرینی مانگرتنی کرێکاریی لە ناوەندە کرێکارییەکانی ئێراندا...

ئەم ماوانەی دوای سەرباری هەڕەشەی کۆڕۆنا ڤایرۆس لە کۆمەڵگەی ئێران، چینی کریکاریی ئیران بە ورەیەکی بەرزتر و بە عەزمێکی باڵاتر و بەشیوەیەکی ڕیکخراوتر دەستیان داوەتەوە تیکۆشان و خەباتی نەپساوە.

لە ئیستادا دەیان ناوەندی کرێکاریی گرنگ لەوانەش چەندین پاڵاوگەی نەوت، لەپاڵ دەیان کارگە و کارخانەی بەرهەم هێنان دەستیان داوەتە کۆبونەوەو مانگرتن و خۆپیشاندانی کریکاریی، کە ئەمەش نیشانەیەکی رۆشنە لە بەرەوپیشەوە چوونی بزوتنەوەی کریکاریی و باڵاکردنی هۆشیاری چینایەتی و گرنگی رێکخراوبوونی کریکاریی.



ئەم بزوتنەوەیە کرێکاریی فراوانە و بەرین بوونەوەی رۆژ بەرۆژ زیاتری جێگا ئومێدی نەک تەنها چینی کرێکاریی ئیرانە، بەڵکو بۆتە جیگا ئومێد و پشت و پەنای سەرجەم خەڵکی ئێران.


داوا خواستەکانی کرێکارانی مانگرتووی ئیران، لەگەڵ ئەوەدا کەخواستی ئەو کارگەو ناوەندانەن کە مانگرتن و کۆبونەوەیان تیادایە، بەڵام هاوکات داواو خواستی سەرجەم چینی کریکاریی ئیرانن. خواستی دانی کرێی دواخراوەکان، گێرانەوەی کرێکارە دەرکراوەکان، ئازادی کرێکارانی زیندانی، هیشتنەوەی کارگەکان لەدەستی حکومەت و نەفرۆشتنی بەکەرتی تایبەت، زیادکردنی کرێ بەپێی گرانی، دادگایی کردنی گەندەڵکارانی خاوەن کار... سەرەکی ترین ئەو خواستانەی کریکارانن لە دەیان کارگەی گرنگی بەرهەم هیناندا...

لەگەڵ ئەوەدا کە خاوەن کار و سەرمایەکان ودەوڵەتی پشتیان، دەستیان لە هەرەشەو گرتن و زیندانی کردن نەپاراستووە، بەردەوامن لە فریوکاری و هەوڵدانیان بۆ تەفرەقە خستنە نێو ریزەکانی کریکاران، کەچی کریکاران بە عەزمێکی بەرزەوە لە مەیداندان و بۆرژوازو دەسەڵات نەک نەیان توانیووە پاشەکشەیان پێ بکەن، بەڵکو رۆژ بەرۆژ مانگرتنەکان گەورەتر دەبن، کارگەو ناوەندی تر دەست دەبەن بۆ مانگرتن، وە پشتوانی لە مانگرتنەکان چ لەئاستی ئیران و چ لە دنیای دەرەوە بەرینتر دەبێتەوە... هەموو ئەوانە نیشان دەدات کە چینی کریکاریی ئیران بەرەو ئەوە دەچیت بە کردەوە ببێتە زمان حاڵی رزگاری سەرجەم چینی کریکاریی ئیران و بێبەشانی تر.

پەرچەمی کۆمۆنیستی و بەدەستەوە گرتنی نەریتە کۆمۆنیستیەکان لەو خەبات و تیکۆشانە بەرینەدا، دەتوانێت رۆڵی کاریگەر لە یەکلایی کردنەوەی ئەم خەباتەدا بگیرێت... لەم نێوەدا رۆڵی بەشی پیشرەوی چینی کریکار و رابەرانی کریکاریی کۆمۆنیست چارەنووسازە.

# چەتەییەکی نوێ لە سنورەکانەوە!

هەر هاوڵاتیەک کە لەدەرەوەی وڵات دەگەڕێتەوە بۆ کوردستان، لەگەڵ گەیشتنی بەسنور، بەپاساوی فەحس و تێستی کۆرۆنا فایرۆس ١٠٠ هەزار دیناری چاپی عێراقی لیدەستێنن. تەنها پارەی چاپی عێراقیش وەردەگرن، ئەمەش بۆ ئەوەیەو ئەو بانق و کۆمپانیایانەی گۆڕینەوەی پارە، کە هی دەسەڵاتی دزی بزوتنەوەی کوردایەتین، لە گۆڕینەوەی پارەش چەند هەزار دیناریک سود بکەن کە لە نرخی گۆڕینەوەی بازاریش چەند بەرابەر گرانترە.




خۆ ئەگەر خێزانێک چەند نەفەر بن، ئەوا هەر یەک لەو نەفەرانە دەبێ ئەو بڕە پارەیە بدەن، تەنانەت ئەگەر کەسەکە منالێکی چەند مانگەش بێت.

ئەم دزییە ئاشکرایە، ئەم فۆرمە لە تاڵانی، کە لەسنورە دەست پێدەکات، لەهیچ جیگاو شوێنیکی ئەم دنیایە نییە و نابینرێ. بەتایبەتی لەسەردەمی کۆرۆنا ڤایرۆسدا هەر وڵات و دەوڵەتێک هەوڵدەدەن کاریگەرییەکانی ئەم بەڵایە تاڕادەیەک لەسەر شانی هاوڵاتیانیان کەم بکەنەوە، کەچی دەسەڵاتی دز و تاڵانچی بزوتنەوەی ناسیونالیستی کورد، وەکو بەڵای و فایرۆسێکی ترسناک، بەڵام و موسیبەتەکانی هاوڵاتیانی کردۆتە کێوێک و بەردەوامیشە.

دیارە دوای بڕینی سنورو رۆشتن بەرەو ناو شارو شارۆچکەکان، ئەم بەڵای دزی و تاڵانییە لە هەموو زەمینەیەکدا درێژەی هەیە، هەر کەرت و بەشێک کە هاوڵاتیان دەیبینین و دێتە بەردەم دیدی و سەرنجیان، لە تەلارە بڵندەکانەوە، بۆ رێگاو بانە وێرانەکان، لە ئاوو کارەباوە بۆ خەستەخانەکان، لەخوێندن و پەروەردەوە بۆ خزمەتگوزارییەکان... دەستی دزانی گەورەی دەسەڵات دەبین کە چنگیان لەهەموو بوارەکانی ژیانی کۆمەڵگە گیرکردووە و دەدزن و دەدزن و دەدزن... بێگومان ئەم دزییە بی سنور و بێ ئامانە، لە جێگایەک و لە ساتەوەختێکی دیاریکراودا، بەش و سەرچاوەیەکی ئەو ڕاپەرینە پیشبینی کراوە دەبێت، کە ئەم دەسەڵاتە دەکاتە تەیرێکی عەنتیکەی ناو ئەرشیف و زبڵدانی مێژوو. دەبێ جەماوەر بۆ ئەم رۆژە خۆیان ئامادە بکەن.

# خەستەخانە تایبەتییەکان، دەبێ دەستیان بەسەردا بگیرێت!

وەزارەتی تەندروستی هەرێم، کە خۆی بۆتە دەدر و نەخۆشیەکی درێژخایەن بەسەر چینی کرێکارو توێژە بێبەش و بێدەرەتانەکانی کۆمەڵگەی کوردستانەوە، هەندێک نرخی بۆ خەستەخانە تایبەتیەکان داناوە تا نەخۆشانی کۆرۆنا لە سایەیدا تەندروستیان بۆ بگەڕێتەوە... ئەم نرخانە کە بۆمانەوەی تەنها شەوێک خراونەتە ڕوو، بەهەموو پێوانەیەک بە ئەندازەی نەخۆشی نەخۆش بۆ نەخۆشەکە مەرگبارن.

ئەو نرخانە کە لەفۆرمی وەزارەتی تەندروستیدا هاتووە و وێنەکە لە بەردەستانە، نیشانی دەدات کەوەزارەتی تەندروستی و دەسەڵاتی سیاسی پشتی ئەو وەزارەتە، خۆیان هێندە نەخۆش و بۆگەنکردوون کە هیچ چارەسەرێکیان نییە، جگە لەوەی توڕ بدرێن و ڕێگەنەدرێت لەوە زیاتر بۆگەناویان کۆمەڵگە قانگ بدات.


ئێوە تەماشا بکەن... لەهەرچی جێگایەکی دنیا هەیە، نرخی نەخۆشخانەی تایبەتی بەپێی داهاتی زوربەی هەرەزۆری کۆمەڵگە بڕیاری لیدەدرێت، نەک بەپێی داهاتی ملیاردێر و ملیۆنەرەکان... ئەوە بەجیا لەوەی لەزوربەی هەرەزۆری وڵاتانی کەمێک پێشکەوتووی دنیادا، خەستەخانەکان و خزمەتی تەندروستی بە خۆرایی یان بەپارەیەکی یەکجار ڕەمزی کەمەو هەموو هاوڵاتیان دەتوانن بێ جیاوازی کەڵکی لێوەر بگرن.

دەسەڵاتی سیاسی لە کوردستان و وەزارەتە تەندروستییە نەخۆشەکەی، هەموو خەستەخانەو بنکە تەندروستییە حکومیەکانیانیان بەرەو وێران کردن بردووە، کەمترین پێداویستی تەندروستی و خزمەتگوزاری و کەمترین ئاست لە ئینسان دۆستیان لە کایەی تەندروستیدا نەهێشتۆتەوە، ئامانجیشیان لەم کارە ناچارکردنی هاوڵاتیانە بۆ ڕووکردنە خەستەخانە تایبەتیەکان، کە زوربەی هەرەزۆری ئەو خەستەخانە تایبەتیانەش سەر بە دەسەڵات و بەرپرسانی حزبی دەسەڵاتن...

ئەم دەسەڵاتە کە خۆی خاوەن خەستەخانەکانە حکومیەکانە بە بەپێوەری حزبی دەیانباتە ڕێوەوە مامەڵە لەگەڵ کارمەندان و پزیشکانیان دەکات، هەروەها هەر ئەم دەسەڵاتە تاڵانچییە خاوەنی هێنانی دەرمانە و بازرگانی بە دەرمانەوە دەکات، خاوەنی خەستەخانە ئەهلی و تایبەتیەکانە... خۆیشی دەستی بەسەر موچەی کریکاران و کارمەندانداندا گرتووە، بەچەند مانگ جارێک موچەیەکی ناچیز دەدات بە موچەخۆران... کەچی بێشەرمانە مانەوەی شەوێکی نەخۆش لەزۆر حاڵەتدا نرخەکەی بەرابەرە بە موچەی مانگێکی موچەخۆر و کارمەندێک...

ئەم مامەڵەیەی دەسەڵات و وەزارەتی تەندروستی، بە وێرانکردنی خەستەخانە حکومیەکان و نەهیشتنی کەمترین خزمەتگوازرییەکانی لەلایەکەوە بۆ شانخاڵی کردنەوەی دەسەڵاتە لەبواری کەرتی تەندروستی و لەلایەکی تریشەوە بۆ ئەوەیە کە بازاڕی خەستەخانە تاییەتیەکان پڕ بازار بکات و گیرفانی کرێکاران و کارمەندان لەوەی ئیستا هەیە زیاتر خاڵی بکاتەوە و بیانخاتە ژێر قەرزی تاقەتپروکێنەوە...

ئەم دزی و هاوکات کوشتارەی بەهۆی


وەزارەتی تەندروستی
دیاریکردنی نرخەکانی خزمەتگوزاری چارەسەری نەخۆشانی کۆرۆنا لە کەرتی تایبەت
(نەخۆشخانە ئەهلیەکان)

| جۆری خزمەتگوزاری | | نرخ/ دینار | |
|---|---|---|---|
| نووستنی نەخۆش | لە قاوش بەبێ ئوکسجین | ٥٠٠,٠٠٠ | پێنج سەد هەزار |
| | لە قاوش بە ئوکسجین | ٧٠٠,٠٠٠ | حەوت سەد هەزار |
| | لە چاودێری چڕ بە ئامێری CPAP | ١,٢٠٠,٠٠٠ | ملیۆن و دوو سەد هەزار |
| | لە چاودێری چڕ بە ئامێری BIPAP | ١,٣٠٠,٠٠٠ | ملیۆن و سێ سەد هەزار |
| | لە چاودێری چڕی هەناسە بە ئامێری Ventilator | ١,٥٠٠,٠٠٠ | ملیۆن و پێنج سەد هەزار |

Ministry of Health
Kurdistan Regional Government - Iraq

وەزارەتی تەندروستی
بەڕێوەبەرایەتی پشکنین و دڵنیایی جۆری
٩ی ئاب ٢٠٢٠

نەبوونی خزمەتگوازری تەندروستییەوە یەخەی جەماوەری بێبەشی کوردستانی گرتووە و تا ئێستا تەنها بەهۆی نەبوونی ئۆکسجینەوە بەدەیان کەس گیانی لەدەستداوە. ئەم نرخانەی دەسەلات و وەزارەتی تەندروستی بۆ خەستەخانە تایبەتیەکانی وابەستە بەخۆیان دایان ناوە. گۆشەیەک لە جەنگی دەسەڵاتە لە بەرامبەر بە ئۆردوی بێدەرەتانی کورستان و کارمەند و پزیشکە دڵسۆز و خەمخۆرەکاندا...

لەبەرامبەر بەم دۆخەدا، دەستبەسەراگرتنی خەستەخانە حکومیەکان و بەرێوەبردنی لەلایەن کارمەندان و پزیشکە دلسۆزەکان لەلایەن خۆیانەوە بۆتە ئەرکێکی لەدواخستن نەهاتوو، کە دەتوانێت هەم هەتوانی دەردی نەخۆشەکانی کۆمەڵگە بکات وەهەم موچە و پاداشتی گونجاو بەجێش بۆ کارمەندان و پەرستار و دکتۆرەکان لەکاتی خۆیدا زامن بکات..

هاوکات لەریگای گوشاری جەماوەرییەوە دەبێت خەستەخانە ئەهلی و تایبەتیەکان کە خاوەنەکانیان حزب و پیاوانی دەسەڵات و وابەستەی تاڵانچیانی کوردستانن، لەدەستیان دەربهرێت و بگێردرێنەوە بۆ خودی خەڵک، یان دابخرێن و سەران و خاوەنەکانیشیان وەکو دزانی حیرفەیی ریسوا بکرێن و بدرێنە دادگای جەماوەری.

# لوبنان: دەست لەکارکێشانەوەی حکومەت، بۆ ڕزگارکردنی دەسەڵات!!

مێژوویەکی درێژە، دەسەڵاتی سیاسی بۆرژوازی لەهەر گۆشەو کەنارێکی ئەم دنیایەدا دەکەوێتە بەردەم سێلاو تورەیی جەماوەری، یان توشی ئەزمەو بنبەست دەبێت، پیشنیاری دەست لەکارکێشانەوەی حکومەت، هەڵبژاردنی پێش وەختە، حکومەتی ڕزگاری نیشتیمانی!! دەکەنە ڕیگایەک بۆ خاوکردنەوەی تورەیی جەماوەری و هاوکاتیش بۆ دووبارە سازدانەوەی حکومەت و دەسەڵاتێکی تری پاریزەری هەمان نیزامی سەرمایەداری پێشوو.



تەقینەوەکەی ئەم دوایەی بەندەری لوبنان، دوبارە جەماوەری تورە و ناڕازی هێنایەوە مەیدان. ئەگەر کۆرۆنا فایرۆس بۆ ماوەیەک خۆپیشاندان و نارەزایەتییەکانی چەند مانگی رابردووی جەماوەری کرێکار و بێبەشی لوبنانی توشی هەڵپەساردن و راگرتن کردبوو، ئەم تەقینەوەیەی کە بەسەدان ئینسانی کردە قوربانی و بەهەزاران ئینسانی بریندار و کەم ئەندام کردو زەرەرو زیانی چەندین ملیار دۆلاری بە لوبنان گەیاند، دوبارە جەماوەری ناڕازی و ئازادیخوازی هێنایەوە سەر شەقامەکان. دیارە ئەم ڕوداوە خوێناوییە کەم وێنەیە کە رویدا و بەرئەنجامی بێدەربەستی دەسەڵاتی گەندەڵی سیاسی لوبنان و هێزە ڕەشەکانی بوو. فرمیسکی درۆینەی دەسەڵات و دەیان هێز و لایەنی سیاسی و دەوڵەتەکان بۆ قوربانیان و کارەساتی لوبنان، کە بارتەقای دوکەڵ و قوربانییەکانی پێش چاو دەخرێت... دەرخەری ریاکارییەکی مێژووی ناو کارەساتێکی مێژووی هاوچەرخی لوبنانە. فەرەنسای ئەندازیاری کۆلۆنیالیزەکردنی لوبنان و داگیرکاری، سوریای هاوخوێن و هاورەگەزی برا عەرەبەکان!!، کە هێرشی سەد ڕۆژەی بۆسەر لوبنان کرد، تا دەگاتە دەوڵەتی ئیسرائیل کە بەسەدان تەن بۆمب و باروتی بەسەر لوبناندا دابارندووە، هاوخەمی دەردەبڕن. ئەو حزب و اللەیەی نوینەرایەتی ئاخوندەکانی تاران دەکات و بۆتە خۆرەی کۆمەڵگەی مۆدێرنی لوبنان، تا دەگاتە ئەو لایەنانەی بەشەری دەسەڵاتی ١٥ ساڵەی ناوخۆیی و لایەنەکان، کۆمەڵگەی لوبنانیان دابەش دابەش کردو هاریێ... فوارەی فرمێسکیان ناوەستێ... ترەمپ نیگەرانەو وڵاتانی گەندەڵ و تاڵانچێ و کۆنەپەرستی عەرەبی بەرگی ڕەشیان پۆشی. دەسەڵاتی تاڵانچی هەرێم کە هاوڵاتیانی لەژێر سایەیەدا بەبەچاوی دنیاوە بەهۆی کەمی ئۆکسجین و خزمەتگوازری تەندروسیییەوە دەمرن، بەڵێنی هاوکاری تەندروستی بە لوبنان دەدات. چ ریاریکاری و دوو ڕوویەکە دنیای گەندەڵ و نەخۆش و ئەزمەگرتووی سەرمایەداری. هەموو ئەم ساختەچێتی و درۆیە لەکاتیکدا دەکەن کە دنیا شارستانی و ئینسانی ئازادی ئەم سەردەمە تۆزقاڵێک باوەریان بەو هەموو درۆو ریاکاری و فرمیسک رشتن و بانگەوازی هاوکارییە مرۆییە نییە.

ڕاپەڕینی دوبارەی جەماوەی بێبەشی لوبنانی بریندار کراو، بەر لەهەموو شتێک "نا" وتنە، بەو هەموو ریاکاری و ساختەچێتیەی دنیای دوو ڕوو بەرژەوەندی خوازی بۆرژوازی کە بۆ کارەساتی لوبنان، دەری دەبڕن. وە وەڵام و "نا" وتنە، بەدەسەڵاتی خۆ بە زوڵملێکراوی نیشاندانی لوبنان، کە ئاە و ناڵەی بۆ هاوکاری نەجات دان دەگاتە عەرشی عەزیم!!.

دوبارە ڕاپەرین و خرۆشانی جەماوەری لوبنانی تەنیەوە، ئەم دوبارە هاتنەوە مەیدانی جەماوەری بەدوای کارەساتێکی خوێناویدا، سەرەتا چەند وەزیر و سەرئەنجامیش حکومەتی ناچار بە دەست لەکارکێشانەوە کرد، تا ئێرە ئەوە پێشڕەویەکی گەورەی جەماوەری و دەستکەوتێکی پڕبایەخە، بەلام ئەمە تەنها ئەوکاتە دەتوانێت ئومێد بەخش و جێگا ئومێد بێت، کە درێژەی هەبێت تا کۆتایی بەدەسەڵاتی سیاسی و سیستەمی سیاسی بۆرژاوزی ئەو وڵاتە دەهێنێت و سیستەمێکی تری دەسەڵاتی پشت بەستووی لەخوارەوەی جەماوەری جێگای دەگرێتەوە. دەست لەکێشانەوەی حکومەت، بی کۆتاییهێنان بەدەسەڵات، بەشوینێک ناگات.

ئەوە بۆتە نۆرم و ریگایەکی دەستی دەسەڵاتی بۆرژوازی کە لەهەر جێگاو شوینێک جەماوەر دەستیان دایە راپەرین و شۆرش، بۆ رزگارکردنی دەسەڵاتی بۆرژوازی و دوبارە سازدانەوەی دەسەڵاتێکی تر بەکەمێک ئاڵوگۆری روکەشەوە، ڕیگای دەست لەکارکێشانەوەی حکومەت دەگرنە بەر، هەڵبژاردنی پیشوەختە دەهێنە گۆڕ، حکومەتی ڕزگاری نیشتیمانی دەکەنە بەدیل...تاد.

دەست لەکارکیشانەوەی حکومەت، لەگەڵ هەڵپێچان و تەفروتوناکردنی دەسەڵات جیاوازیان زۆرە. دەسەڵاتی بۆرژوازی هەمیشە چەندین فۆرم و ڕیگای جیاوازی هەیە، بۆ گۆرینی حکومەت، بەمەبەستی پاراستنی پایەکانی دەسەڵاتی. ئەوەی لەئاراستەی ئێستای لوبناندا دەبینرێت، دەست لەکارکیشانەوەی حکومەتە، بۆ دوبارە سازدانەوەی حکومەتێکی تر بۆ پاراستنی هەمان بەرژەوەندی دەسەڵاتی پێشوو بە نۆرم و فۆرمێکی نوییەوە.

ئەوەی کە وای کردووە هەمیشە ڕاپەڕین و شۆڕشی برسییەکان بە فۆرمی جیاواز خاوبکرێنەوە، ئیحتیوا بکرێن و بەرهەمی رەنج و خەباتیان بدزرێت، و بە مەنزڵ نەگات... نەبوونی حزب و ڕیکخراوەی سیاسی بەهێزە کە نوێنەرایەتی بەرژەوەندییەکانی چینە چەوساوەو بێبەشەکان بکات. نەبوونی حزبی کۆمۆنیست و نائامادەیی پەرچەمی مارکسە لەپێناو هەڵوەشاندنەوەی خاوەنداریتی تایبەتی و کاری بەکرێدا. لەغیابی حزبی چینی کریکار و بێبەشانی کۆمەڵگەدا، حزب گەلی تری بۆرژوازی لەژێر دەیان پەرچەمی فریوکاری دیموکراسی و ریفۆرمستی و..تاد وەبەرهێنان لە خواستە رەواکانی جەماوەری بێبەش دەکەن و دەیدزن.

بزوتنەوەی فراوانی نارەزایەتی لەزۆر جێگاو گۆشەی دنیای ئەم سەردەمەدا و هاوکات لوبنانی ئێستا، بەبێ ئەوەی کە مارکسیزم حزبی مارکسیستی لەلایەن رابەرانی چینی کرێکار و بێبەشانی کۆمەڵگەوە بەدەستەوە بگیرێت، بەمەنزڵی خۆی لە ئازادی و بەرابەری و حکومەتێک ناگات، کە نوێنەرایەتی واقعی شۆرش و خواستە رەواکانی بکات..

**عەبدوڵا مەحمود**

بۆپێشەوە
FORWARD
بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە



# کرانەوەی ڕازەکانی ژیانێکی باشتر
# با ڕابماڵێن دەسەڵاتی چەوسێنەر

نووسینی: عبدالرحمن رسول

بەشی حەوتەم

لەئێستادا کۆمەڵگەی جیهانی لەئەزمەو قەیرانی بەڕێوەبردنی گەورەدایە، لەئەنجامی هەبوونی ئەو قەیران وکێشانەش جیهانی مرۆڤایەتی تووشی ڕووداو کارەساتی گەورەکردووە، هەر چەندە لەوڵات وناوچەیەکەوە بۆ ناچەیەکی تر لەڕوویی شیوازدا جیاواز دەردەکەوێت وکاریگەری جیاواز نیشاندەدات، بەڵام لەناوەڕۆکدا یەک جۆرە ئەویش ئەزمەو قەیرانی سیستەمی زاڵمانەی سەرمایەدارییە. ئەمەش لەبەرئەوەی ئەم سیستەمە گەشەکردن ومانەوەی لەسەرئەساسی هەبوونی نایەکسانی وناعەدالەتی و چەوسانەوەو سەرکوتی زۆرەوەیە، هەروەها خودی ململانێکانی نێوان باڵ و بەشە جیاوازەکانی سەرمایەداریش دەرئەنجام خەڵکی چەوساوەو هەژارو بێکارو کرێکار باج وقوربانییەکانی دەدات لەشکست و کەوتن یان سەرکەوتن و باڵادەستی سیاسی وئیداری و سەربازی لایەک بەرامبەر لایەکەی تردا یان هی چەند لایەن بەرامبەر چەندلایەنی شێواز جیاواز لەلایەنی تردا. هەر ئەمەش وادەکات بکەرانی سەرمایەداری لەوڵاتە جیاوازەکان لەکاتی هەبوونی قەیران وکێشەکاندا دەستەوەستان بن بەرامبەر بە بەرگرتن و دووبارەنەبوونەوەی کۆمەڵکوژی وبەرزبوونەوەی بێکاری وهاتنەکایەوەی بوورکانی هەژاری وبرسێتیدا. هەربۆیە ڕۆژێک دێت خەڵک بەناچاری دەست بۆ شۆڕش دەبات بۆ گۆڕانی سیستەمی سەرمایەداری وهێنانە کایەوەی سیستەمێکی عەدالەتخوازو باشتر. ڕاستییەک هەیە کەپێویستە هەموو خەڵک بزانێت ئەویش ئەوەیە دەوڵەتانی سەرمایەدارو دەوڵەتانی کۆنەپەرست لەپێناوی بەرژەوەندی گەشەی ئابووری وکاری بازرگانی وسەپاندنی هەمەنەی سیاسی وسەربازییان بەشداری چارەسەرکردنی کێشەو قەیرانەکان دەکات، واتە بەمانایەکی ڕوونتر ئەوان زیاتر کاری بازرگانی دەکەن بۆ ساغ کردنەوەی بەرهەمە سەربازی وئابوورییەکانیان چ لەکاتی شەڕدا چ لەکاتی ئاشتی دا، هەربۆیە دەرئەنجامی ئەمەیە کەهەرگیز ناتوانن سەرجەم کێشە وقەیرانەکانی کۆمەڵگەکان چارەسەربکەن و ناشیانەوێت بەتەواوی چارەسەربکرێن، بۆیە بەردەوام خەڵکی هەژارو چەوساوەو کرێکار باج وقوربانی زۆردەدات. هەربۆیە ئەم میزەڵدانە بەوجۆرە نامێنێتەوە، چونکە ڕۆژ لەدوای ڕۆژ قورسایی زیاتر دەکەوێتە سەری بۆیە لەکۆتایی نیزیک بووینەوە، هاکە ڕۆژێک لەشوێنێک میزەڵدانەکە تەقیوە بوو بەشۆڕشی گۆڕانکاری لەکۆمەڵگەدا. لەم تێگەیشتنەوەیە کەکارڵ مارکس دەڵێت (سەرمایەداری خۆی گۆڕ بۆخۆی هەڵدەکەنێت). لەقۆناغی ئێستا لەهەندێک وڵاتەدا شەپۆلەکانی شۆڕشی چەوساوەکان وەک تارمایی دێت دەچێت.

لەهەناوی کۆمەڵگەی ئێراندا بەردەوام بروسکەو تارمایی شۆڕشی چەوساوەکان لەجوڵە و گەشەکردندایە، هاکە لەشارو ناوەندێکی کاروژیانەوە لەمەیدانێکی خیابانێکەوە گڕەی شۆڕش بەرزبۆوە و سەرجەم خیابان وناوەندەکانی شارەگەورەکانی گرتووە بە بێ گەڕانەوە دواوە، ئەمەش دەرئەنجامی کەڵەکەبوونی زوڵم وزۆری سیستەمی کۆنەخوازو چەوسێنەری فاشیزمی ئیسلامی ئێرانە، کەبەرامبەر خەڵکی هەژارو کرێکارو چەوساوەکانی کۆمەڵگەی ئێران پیادەی کردووە.. زۆربەی ناوەندەکانی بەرهەمێنەران لەئێران کێشەی داراییان بۆهاتۆتە پێش، کە لەساڵانی ڕابردوو پێش گەمارۆکانی ئەمریکا یەکێک لە بەهێزترین بەشەکانی بەرهەمهێنان وپیشەیی ئێران بوون، بەڵام دوای چڕبوونەوەی گەمارۆکان وبەستنەوەی ڕێگای پێوەندییەکانی ئابووری ئێران، زیاترین فشارەکان کەوتنە سەرناوەندە پیشەسازییەکان و زۆربەیان ناچار بوون کە دەست لەکار بکێشنەوە. هەروەها کاریگەرییەکەی ئەوە بوو کە نەبوونی پارەی پێویست بۆ کرێکاران و نەبوونی سەرچاوەی دابینکردنی پێویستییە سەرەتاییەکان و زۆر گرفتی دیکە، بووەتە هۆی داخستنی ناوەندە پیشەیی و بەرهەمهێنەرەکان لەئێران و زیاتر لە سەدان هەزار کەس بەوهۆیەوە بێکار بوون. ئەمەش بەئاشکرا و ڕاشکاوانە بەناوی دەسەڵاتی دینەوە ڕاستەوخۆ فاشیزمی ئیسلامی ئێران بەکردەوە ڕۆڵێکی زۆر نەرێنی وخراپ ودژە ئینسانی لەگەشەی بێکاری وبرسێتی و هەژاری و جیاوازی چینایەتی لە ئێران وکوردستاندا هەیە. لە حاڵێکدا چینی کرێکار و هەژارانی کۆمەڵگە گیرۆدەی نەبوونی ژەمەنانێکە و ڕۆژانە بەبێ بوونی ئیمکانات وئاسایشی گیانی و سەلامەتی خۆی هێزی شان و بازوی خۆی هەرزان فرۆش دەکات بەکەمترین نرخ تەنها بۆئەوەی مەمرەومەژی ژیانیان بگوزەرێنن. لەئێراندا بەگشتی چینێکی تر هەیە کەمینەنەن ئەویش کە چینی لایەنگری مەلاکانی دەسەڵاتە، کە خانەوادەو منالانی دەسەڵات لەوپەڕی ژیانێکی شاهانشایی دادەگوزەرین. لەکۆمەڵگەی ئێران و کوردستاندا جیاوازی چینایەتی ڕۆژ بە ڕۆژ ڕوو لە زیادبوونەو دوکەڵی هەموو سەرەرۆیی و ملهوڕیەکانی مەلاکانی فاشیزمی ئیسلامی و سەپاندنی گەمارۆکان دەچێتە چاوی خەڵکی هەژار و چینی کرێکار وچەوساوەی ئێران وکوردستانەوە وهەموو قوربانییەکان تەنها چینی هەژار وکرێکارو زەحمەتکێشان دەی دەن. دۆخی ژیانی خەڵک و کاسبکاران و بازاڕیان لە کوردستان لەبارودۆخێکی زۆر سەخت و خراپدا بەسەر دەبەن. خەڵک نیگەرانیی سەرەکییان ئەوەیە کە دەنگیان بە هیچ شوێن و لایەنێک ڕاناگا و هەر ڕۆژێکیان دەبێ بە ترس و دڵەڕاوکێ دەست پێ بکەن بەکار و کۆتایی پێ بهێنن. گەمارۆکانی سەر ئێران، ئاوسانی دۆلار و کرێ دووکانی لە ڕادە بەدەر، داخرانی سنوورەکان و کێشە نێوخۆییەکان، هەموویان بەیەکەوە هۆکاری سەرەکیی دروستکردنی ئەم دۆخە و نیگەرانی و دڵەڕاوکێی خەڵکی کوردستانە دۆخی خراپی ئابووری، گوشارێکی زۆری خستوەتە سەر خەڵکی ئێران و بە تایبەت ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بەشی زۆری کرێکاران، کارەکانیان لە دەست داوە و کاسبکاران و دووکاندار و تەنانەت عارەبانچی و دەستگێڕانیش بە پێی پێویست ناتوانن بژیوی ژیانی ڕۆژانەیان دابین بکەن. ئەو دۆخە لە ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەگەڵ چەندین خۆپیشاندان و ناڕەزایەتیی چینی هەژار و کرێکار و کاسبکاران ڕوو بە ڕوو بووەتەوە، بەڵام هیچ لایەنێکی دەسەڵات خۆی بە بەرپرسیار نازانێ و هەواڵێکیش لە چارەسەرکردنی کێشەی ئەو خەڵکە لە گۆڕێدا نییە. بەردەوامیش کاتێک ناڕەزایەتی وخۆپیشاندانی خەڵک هەبووە لەلایەن هێزە سەرکوتگەرەکانی ڕژێمی فاشیزمی ئیسلامییەوە سەرکوتکراوە و بەخوێن خیابانەکان سوورکراوە و زیندانەکان پڕکراون لەخەڵکی خۆپیشاندەرو ناڕازی بەبیانوویی جۆراوجۆر..


پاش سەرکوتەکانی ڕابردوو ناڕەزایەتی کرێکاران لەلایەن ڕژیمەوە، جارێکی تر دەستی پێکردۆتەوە. کرێکارانی نەیشەکەری حەفت تەپە ئەوا نزیکەی دوومانگە لە مانگرتندا بەردەوامن، بە پەیوەستبوونی کرێکارانی پالاوگەکانی باشووری ئێران و کاشی ئیسفەهان بە مانگرتنەکان، ئاستی ناڕەزایەتییەکەیان بەرزتر کردۆتەوە.

## گەشەی بزوتنەوەی کرێکاری لەئێران

ئەوەی کەپێویستە گرینگی پێبدرێت و وەک خۆی پشتیوانی بکرێت وبەردەوام لەپشتی بوەستین و لەگەڵ هەنگاوەکانی برۆین وشیارکردنەوەی جۆراوجۆری لەسەربکەین بۆئەوەی سوود و هەبوونی ئیرادە ئینسانییەی بەهەبوونی کاریگەری باشترەوە لەوڵاتان وکۆمەڵگاکانی تر سوودی لەتێکۆشانی جەماوەریدا وەربگرن، ئەویش بزووتنەوەی کرێکارییە لەئێران. بزووتنەوەی کرێکاری زۆر بەباشی خۆی لەگەڵ ڕوداوەکانی ڕۆژ نوێ دەکاتەوە گەشە بەخۆیی دەدات، بەردەوام ڕۆژ بە ڕۆژ بەبەرزکردنەوەی دروشمی ئینسانی و پێویستی ڕۆژانە و بە پێداگری زیاترەوە و بە ڕێکخستنی باشترەوە، کەخۆیان باشتر وچالاکتر ڕێکخراو دەکەن و بەکاری هاوپشتی وهەماهەنگی زیاترەوە بزووتنەوەی کرێکاری دێتە مەیدانی ناڕەزایەتییەکان بە جۆرێک کە دەتوانین بلێن ئەم بزوتنەوە نەتەنیا دەنگی ناڕەزایەتی خەڵک بە گشتی و چینی کرێکارە، بەڵکو و بەتەواوی هەنگاو دەنێت بۆ ڕابەرایەتیکردنی بزوتنەوەکانی تری کۆمەڵگەی ئێران کەلەداهاتوودا بە دەستەوەی بگرێت وکۆمەڵگە ئاراستە بکات هەروەک ئەم بزووتنەوەکرێکارییە دەوێت. ئەم بزوتنەوەیە لەواقیعدا کە هەڵگری پەیامی ئازادی وبەرابەری ویەکسانی یە، پەیامی نابۆ چەوسانەوەو نابۆ دیکتاتۆریەتە، هەربۆیە دەتوانین بڵێین ئەم بزووتنەوەی کرێکاری یە دەنگی تەواوی خەڵگی ناڕازی کۆمەڵگای ئێران و کوردستانی هەڵگرتووە. هەرچەندە زۆرترین لەمپەرو گرفتی بۆسازکراوەو ساز دەکرێت هەروەک زیندانیکردن و ئەشکەنجەدان وکوشتن و لەسێدارەدانی ئازادیخوازان ویەکسانیخوازان و هەڵسوڕاوانی کرێکاری و هەڵسوڕاوانی ناڕەزایەتی وخۆپیشاندانەکان، بەڵام خۆخشبەختانە ئەم بزووتنەوەیە چۆکی دانەوە، بەڵکو بەردەوام وەکو گڕی ئاگر ڕۆژ لەدوای ڕۆژ بەهێزو ئیرادەیەکی باشترو چالاکترەوە لەمەیدانەکانی خیابانەکان ڕاستگۆیانەو دڵسۆزانە تێکۆشان دەکەن. ئەمە زۆر پێویستە لەعێراق و باشووری کوردستان ولوبنان و وڵاتان وناوچەکانی تر سوودی لێ وەربگرن و بەدواداچوون لەسەر تێکۆشانی بزووتنەوەی کرێکاری ئێران بکەن و بڵاوبکەنەوە، هەروەها زۆر باشتر و چالاکتر وریایانەتر ڕێکخراو و حیزبە کۆمۆنیست و چەپ وئازادیخوازو یەکسانیخوازەکانی ئێران وکوردستان وعێراق پشتیوانی وهاوپشتی بکەن لەم بزووتنەوەکرێکارییە ئینسانییە لەئێران و سوود وەربگرن لەم جۆرە تێکۆشانە هاوپشتی ویەکگرتوویییەی کرێکاران وزەحمەتکێشانی ئێران خۆیان لەو جۆرە پەرتەوازیی و گرووپ بەندی و حیزب پەرستی بهێنن هەنگاوی کرداری بنێن بۆ کاری هاوبەش وتێکۆشانی هاوبەش ویەکگرتووانەی دڵسۆزانە لەپێناوی ڕووخانی فاشیزمی ئیسلامی ئێران و هێنانەدی نان، کار، ئازادی حکومەتی شورایی. لەعێراق و باشووری کوردستان قۆناغی ئێستای خەڵکی کرێکارو زەحمەتکێش و هەژارو چەوساوە لەوپەڕی خراپی دایە. تەنانەت بەئاشکرا ئەمە لەجیهاندا دەنگی داوەتەوە، کەکۆمەڵگەیەکە بەرەوخوار هێڵی هەژاری و برسێتی ملدەنێت.

نەتەوەیەکگرتووەکان لەمانگی ٨ی ٢٠٢٠ ڕاپۆتێکی نوێی بڵاوکردۆتەوە و هۆشیاری توندەدات لەسەر زیادبوونی ڕێژەی هەژاری وبێکاری لەعێراق وکوردستاندا. لە ڕاپۆتەکەی نێردەی نەتەوەیەکگرتووەکان لەعێراقدا هاتووە کە ئاماژەی بە لێکەوتە سیاسی و ئابووری و ژینگە و ئاسایشی کردووە کە مەترسییەکانی هەبوونی قەیرانەکانی خستۆتە ڕوو. کەئارامی کۆمەڵایەتی لاوازەو ڕەوشەکە ئاڵۆزە وڕێژەی هەژاری بەشێوەیەکی بەرچاو بەرز دەبێتەوە. دەوڵەمەنداری و کۆکردنەوەی سامان و پارە لەعێراق و کوردستان بەرهەمی لێکەوتەی سیستەمی کۆنەخوازو چەوسێنەرە کە ڕاشکاوانەو بەئاشکرا گەشە بەدزی وگەندەڵی وچەتەیی و تاڵانی دەدات. جا پارەدارو ساماندار هەر کەس و هەر..

بۆ لاپەڕە 11



# حەوت تەپە پارامیێتری خەبات، خۆڕاگری، ڕێکخستن و مانگرتن بۆ بزوتنەوەکانی تر

نووسینی: هەتاو عەبدوڵاهی

لە سەرەتای هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامی بزوتنەوە ڕەواکانی خەڵکی لەهەر دەرفەتێک کەڵکیان وەرگرتووە بۆ هاتنە مەیدان و ناو وتن بە دەسەڵاتی زۆردار و دیکتاتۆری ئێران. هەموو بزوتنەوەکان و هەموو ئەو تاکە ئازادیخوازانەی نا یان بە حکومەتی دیکتاتۆری وت هەردەم و لەهەر بارودۆخێک دا ملکەچ نەبوون و بێزاری خۆیان لەڕژیمی کۆنەپەرستی ئیسلامی ئێران دەربڕیوە و نا یان وتووە بەو هەمووزوڵم و زۆر و نادادپەروەریەی کە ساڵهایە دەسەڵات بە سەریدا سەپاندوون. کۆماری ئیسلامی لە ماوەی دەسەڵاتی خۆسەپێنی خۆیدا نەتەنیا هیچ ئاوەدانی و ژیانێکی بۆ خەڵک پێ نەبوو، بەڵکوو هەمیشە دوژمنی سەرەکی ماف و ئازادییەکانی خەڵکی ئەو ناوچە بووە و لە هیچ پیلانێک بۆ دژایەتی تاکەکانی ئێران سڵی نەکردووە. هەر لە دانانی یاساگەلی جۆراوجۆر بەدژی ژنان و سەپاندنی یاسا سەدە ناوەڕەستیەکان بە دژی مرۆڤەکان کە لە ئەحکامی ئایینی قیزەونی ئیسلامەوە سەرچاوەی گرتووە، تا دزین و بە فیرۆدانی سەروەت و سامانی ئەو وڵاتە کە مافی خەڵکە. ساڵەهای سالە سەروەتی ئێران سەرفی گروپە توندئاژۆ ئایینیەکان بۆ دانانی هیلالی شیعە لەناوچە دەکرێ. خەڵک بەهۆی سەرەڕۆیی و ملهوڕیەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ بەدەستهێنانی چەکی ناوکی و بەهۆی گەمارۆ یەک لە دوای یەکەکان لە ئەوپەڕی بێدەرەتانی و هەژاریدا دەژین. داهاتی مانگانەی کرێکارێک لە ئێران یەک لەسەر سێی تێچووی ژیانی نییە، خەڵکی بەشە جۆراوجۆرەکانی کوردستان بەهۆی سەربزێوی و خۆڕاگریان لە بەرامبەر کۆماری ئیسلامی و بەهۆی تەریک خستنەوەی ئابووریان ڕوویان کردوە لە کۆڵبەڕی و بۆ بژیوی ژیانیان و پەیداکردنی پاروەوە نانێک ژیانی کۆڵەمەرگی و سەخت و تاقەت پڕوکێنی کۆڵبەریان بەسەردا سەپاوە و ڕۆژانە بۆ پەیداکردنی نانێک مەرگ ئەزمون دەکەن. ژنانی ئێران کە وەک هاوڵاتی پلە دوو لەو ولاتە حیسابیان بۆ دەکرێ زیاتر لەو سیستمە دا بوونە قوربانی و بە هۆی نەبوونی و بێ دەرەتانی بە سەعاتی کاری زۆر وتاقەت پڕوکێن و حەقدەستی کەم کار دەکەن و ڕۆژانە لەو وڵاتە کە بەرهەمی سیستمی ئیسلامی و پیاوسالارە سوکایەتیان پێ دەکرێ و توشی قەیرانی شوناس و خەمۆکی دەبن. منالآن کە نەوەی داهاتو و هیوای هەر وڵاتێکن بەبێ هیچ ئیمکاناتێکی مادی و مەعنەوی لە لایەن دەوڵەتەوە سەختی و ناخۆشی ئەزمون دەکەن و شەقامەکانی ئێران تەژیە لە منالانی کار و ئەوپەڕی نابەپرسیارێتی کۆماری دژە مرۆڤ نیشان دەدات. لاوانی ئێران بەهۆی بێ هیوایی و نەبوونی ئەمنیەتی کاری و گیانی تووشی خەمۆکی بوون و ڕویان لە مادەی سڕکەر کردووە و لە ماوەی یەک ساڵی ڕابردوودا بە دەیان لاو و ژن و منالی ئەو وڵاتە بە هۆی ئەو بارودۆخەی کە کۆماری ئیسلامی بە سەری دا سەپاندوون دەستیان داوەتە کردەوەی خۆکوژی و جەستەی خۆیان سڕیوەتەوە. توندوتیژی، هەژاری لە ڕادەبەدەر،خۆکوژی، مادەی سڕکەر، زوو بە شودانی کچانی منال، کوشتن و دەیان دیاردەی لەوجۆرە ڕۆژ بە ڕۆژ پەرە دەستێنێ و بەدبەختی کۆمەڵگەی ئێرانی تەنیوە. ئەو گشتە قەیرانە و ئەو هەموو نەهامەتی و بەدبەختیە ڕواڵەتی دزێوی دەسەلاتی ئیسلامی ئێرانی بە خەڵک نیشان دا و ئێستا دژە خۆکەی واتە بزوتنەوە جۆراوجۆرەکان لە بەرامبەریدا ڕاوەستان و پایەکانی کۆماری سێدارەیان لەرزۆک کردووە. لەسەر بنەمای بیرۆکە و دروشمی کرێکارانی جیهان یەک بگرن ئێوە هیچ شتێک بێجگە لە کۆت و بەندەکانتان لە دەست نادەن لە نارەزایەتی و مانگرتنێکی بێ وێنە و بوێرانەدا دوای ئەوەی ڕێبەرانی کرێکاری کە هەڵگری ویست و داخوازیی هاوچینەکانیان بوون لە لایەن دەسەڵاتەوە دەست بەسەر کران و حوکمی نارەوایان بەسەردا سەپا، بەڵام خۆڕاگریان بوو بە رینێسانسێک لە خەباتی مەدەنی و چینایەتی، کرێکارانی شەریکە و کارگەکان کە دەیان ساڵە هێز و باهۆزیان بە تالان دەبردرێ ڕژانە سەر شەقامەکان و شەپۆلێکی نوێی لە خەبات و خۆڕاگری هێنایە ئاراوە.

ژنان ئەو توێژەی کە هەردەم لە لایەن دەسەڵاتەوە هەوڵی دوورخستنەوەیان دراوە و لە هەموو ماف و ئازادیەک بێ بەش بوون وەک هەمیشە هاوتەریب لەگەڵ هاوچینەکانیان و هاوشانی بزوتنەوەی کرێکاری کە ماف و ئازادی ژنان و یەکسانی ڕەگەزی هەردەم دروشمی سەرەکی بووە لە یەکەم ساتەکانی مانگرتن لەریزی پێشەوەی سەنگەری خۆڕاگری دا بوون و هاواری لە گەرو دا کپکراوی خەڵکەکەیان بەرز کردەوە و جارێکی تر دژایەتی خۆیان لەگەل کۆماری دژە ژن دەربڕی. ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ کرێکارانی کارگەو شەریکە و کەرتە جۆراوجۆرەکانی ئێران زیاتر بەو نارەزایەتیانە زیاد دەبن و بوێرانە هەموو حاکمیەتی کۆماری ئیسلامی دەخەنە ژێر پرسیار و داوای ڕوخانی ڕژیم دەکەن. نارەزایەتی و بزوتنەوەیەکی شۆڕشگێرانە کە هەڵگری ویست و داخوازی هەموو تاکەکانی ئێران بە هەموو ڕەنگ و زمان و نەتەوەیەکە و داوای یەکسانی و مافی ڕەوای مرۆڤەکان دەکات بزوتنەوەیەک کە زەرورەتی هەر کۆمەڵگەیەکە و تاکە شۆڕش و خەباتێکە کە خەلک دەتوانن متمانەی پێ بکەن. شەپۆلێک لە قولایی هەموو زامەکانی خەڵک لە ئێران هەموو شارەکانی تەنیوە. لە ولاتێک کە تەژیە لە کانگای ژێرزەوینی ونەوت وزە زۆرینەی هێزی برسی و وەزاله هاتوو کۆت و بەندی یەخسیریان پچڕاندووە ودەنگی زنجیرەکانیان گویی سەرانی کۆماری ئیسلامی کەڕ کردووە. ئەمە سەرەتای بزوتنەوەیە و بێگومان چینی کرێکار ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر خۆی لەگەڵ مانگرتنەکە ڕێک دەخا و تا ڕوخانی یەکجارەکی کۆماری ئیسلامی دەست لە خەبات هەڵناگرێ. ئێستا کاتی ئەوە هاتووە کە حیزبێکی کۆمۆنیستی و چەپ و ڕادیکاڵ بتوانێ ئەو مانگرتنانە بە ڕێکخستن بکات. پێویستە بزوتنەوە چەپەکانی دەرەوەی وڵات بە شێوەی خۆڕسک لانی کەمی کارێک کە دەتوانن بیکەن سندوقی مالی بۆ ئەو کرێکارە نارازیانەی کە لەناوخۆن و بەهۆی دەنگ هەڵبڕینیان حەقدەستیان لێ بڕاوە دابین بکەن، پیویستە هەولی ڕێکخستنی زیاتری مانگرتنەکە بدەن تا جارێکی تر کۆماری ئیسلامی نەتوانێ لەباری بەرێ. پیویستە حیزبە چەپەکان سەرەڕای پشتگیری نارەزایەتییەکانی چینی کرێکار ناوەندێکی ماڵی بۆ دابینکردنی تێچووی محامی بۆ ئازاد کردنی ڕێبەرانی کرێکاری و دەست بە سەرکراوانی نارەزایەتییەکان دامەزرێنێ هەروەها پیویستە چالاکانی چەپ و ئازادیخواز بە دلسۆزی زیاترەوە تێچووی بژیوی ژیانی ئەو بنەمالانەی کە هاوژینەکانیان لە لایەن دەوڵەتەوە دەست بەسەر دەکرێ دابین بکەن، بێگومان ئەگەر کاری بە پراکتیک بکەن دەتوانن و دەکرێ. لە کۆتاییدا دەبێ بڵێین پێوستە هەموو تاکەکانی کۆمەڵگاکان بەو ڕاستیە بگەن کە تاکە ڕێگای ڕزگاری مرۆڤەکان نەمانی سیستمی سەرمایەداری و دامەزرانی سیستمێکی سۆشیالیستیە...

## قوربانیانی توندوتیژی و ناموس پەرستی



بەرواری ١٠ی ئە مانگە کچێک بەناوی خەولە قادر. لە ناحیەی بەحرکەی سەر بە پارێزگای هەولێر لەلایەن برایەکەوە، کوژرا... هۆکاری کوشتنی ئەم کچە تەنها ئەوە بووە کە کەسێکی خۆشویستووە و ویستویەتی ژیانی هاوسەرگیری بە ئازادانە لەگەڵ خۆشەویستەکە دەست پێبکات، جێگای باسە خۆشەویستی ئەم کچە چەندین جار داخوازی ئەم کچەی کردووە، بەڵام خێزانەکەی ڕەتیان کردۆتەوە. بکوژی ئەم کچە ڕایکردووە و پۆلیسیش دەڵێت پەڕاوی لێکۆڵینەوەیان بۆ دۆسیەکەی کردۆتەوە.

## پۆزش

**بەهۆی هۆکارێکی تایبەتی لەم ژمارەیەدا گۆشەی ”ژن“ مان نیە، بەو بۆنەیەوە داوای لێبوردن لە هەموو ژنان و پیاوانی یەکسانیخوازو سەرجەم خوێنەرانی خۆشەویستی بۆ پێشەوە دەکەین...**

**بەرپرسی گۆشەی ژن**

## ئازادی ژن، پێوەری ئازادی کۆمەڵگەیە!

# گۆشەی ئەدەب و هونەر

گۆشەی ئەدەب و هونەر، گۆشەیەکی تایبەتی بۆپێشەوەیە کە لەهەر ژمارەیەکدا بابەتێکی ئەدەبی یان هونەری لەشێوەی هۆنراوە، تێکستی ئەدەبی، وەرگێران، بڵاودەکاتەوە، یاخود دیمانە لەگەڵ ئەدیب و هونەرمەندێك یان ناساندنیان رێك دەخات...

ئامادەکرنی گۆشە: کاوان قادر و هیوا ساڵح، حەکیم میرزا



حەکیم میرزا

## بەشێکی تر لە قەسیدەی ئاهێکی سەرد

کە گەڕایتەوە
خەمی چرایەك دەنوسینەوە
لەبەر ئاوێنەی ئەم هەموو بەیانیە
تەمەڵەدا
پەڕەسێڵکەیەکی
تۆراوی سەر قەراغ دیوارەکەمان
ئاشت دەکەینەوە
چاوی چۆلەکە بێئازەکان دەڕێژین
تەوقەیەکی قاوەیی دەدەین
لەپرچی کوکوختیە دلشکاوەکان

کە گەڕایتەوە
خەمی هەناسەیەکی تێکشکاو
دەنوسینە وە
بەسەرهاتی ئاهێکی سەردی
خۆمان
بۆ پیاوێکی فاڵچی پۆست دەکەین
تۆهیچ مەڵێ
من پێی دەڵێم
ئەگەر شاعیر نەبومایە
چۆن دەمهێشت
لەو دیوو پەنجەرەی ئەم دڵە
داگیرساوەمەوە
سەیری سوراوی
سەر لێوی شیعرەکانم بکەیت

چۆن دەمهێشت
لەژێر سێبەری درەختی پەخشانە
بێکراسەکانما دانیشیت
چۆن دەمهێشت
لەشەوی خەنە بەندانی شیعرەکانما
ئامادەبیت

ئاخ خودایە
ئەگەر شاعیر نەدەبوم
دەمزانی چۆن موو لەماست
دەرییێنم
دەمزانی چ سەمایەکم لەسەر
نوکی شمشێری
ئەم زەمەنە ژەنگاویە دەکرد
دەمزانی چۆن خۆتم لەخۆتا
دەشکان
خۆتم لەخۆتا پارچە پاچە دەکرد
ئەگەر شاعیر نەبومایە

کەگەڕایتەوە
بەسەرهاتی پەردە و پەنجەرەیەکت
بۆ دەنوسمەوە
خەمی ئاسکێکی عاشق دەخەینە
ڕستەوە
بزانین یەکسان دەبێت بەفیشەکی
ناو تفەنگی
ڕاوچیەکی دووڕوو

کە گەڕایتەوە
باسی بێتۆیی و
چرا کوژراوەکەی ناو قەفەسەی
سنگمت بۆدەکەم
ڕوتبونەوەی
مۆمێکی سەر مێزەکەمت
بۆ دەخەمە ڕستە وە
تۆ بڵێیت یەکسان نەبێت
بەفوی پیاوێکی جادوو گەرە وە؟

کەگەڕایتەوە
خەمی ئەستێرەیەك و
گورگێکی پیرت بۆ دەنوسمە وە
ئاهی چەمە زستانەیەکت
بۆ دەخەمە ڕستە وە
بزانین یەکسان دەبێت
بەهەڵپڕوکان؟

کە گەڕایتەوە
وەك خۆت دەتنوسمەوە
وەك مەحمود دەرویش
بەخۆم و کوپێك قاوەی
زەیتونیەوە
سەر مێزەکەت پردەکەم
لە هەناسەی مووبارەك و
لە چرپە چرپی وەریو و
لەبۆنی نانی تەنورەکەی دایکم

تۆ دەنوسمەوە
با خۆم بوەرێم
با بەیانیەك ڕەشەبا وەك
قورئانەکەی
ناودەستی باوکم
خەتمم نەکات
تۆم نوسیەوە

بەڵام خۆم بووم بەحەرفە
کوژراوەکانی
ناو قەسیدەکانی منالێم
بووم بەو زەردە خەنانەی
دەوەرێن
نەکەسێك
سەرپۆشێك دەدات بە سەر یاناو
نە بارانێکیش
هەڵیان دەگرێتەوەو
نەبایەکیش
دەیان پێچێتەوە

تۆم نوسیەوە
خۆم کوژامەوە
تۆم داگیرسان
خۆم بووم بەو قەسیدە یەی کە
باوکم
زوو زوو پێی دە گوتم
کوڕم مەیان خوێنەرە وە
دارو دیوار گوێی هەیە
دەنا قەلەباچکە بێ ویژدانەکان
هەراسانمان دەکەن

تۆم نوسیەوە
کەچی باڵدە ئەفسانەییەکان
لەسەر قەراغی ڕۆحم ئاوازی
تەفروتونابوونی منیان دەخوێند
ئای خودایە چ گێژاوێکی پڕ گێژاوە
ئەم هەناسە سەردانەی من
چ بەسەر هاتێکی
سەیرە شکاندنی
شووشەی پەنجەرە بێپەردەکەی من

دواتر وەك خۆت دەتنوسمەوە
وەك خۆت
دەتخەمە چوارچێوەی
قەسیدەیەکی خۆمەوە
بەڵام لای پەخشانێکی
کەڵەگەتمەوە
جێتناهێڵم
ناشت کەمە دراوسێی
دیوانێکی
چاوو ڕەشم

************



# دوو ڕیزی بەرانبەر بەیەك

ئارام حەسەن

لەبەر دەرکی مزگەوتەکە ڕاوەستابووین، بەخێرهاتنی ئەو کەسانەمان دەکرد، کە دەهاتن بۆ پرسەکە..
ڕۆژنامەنووسێک لەڕیزی بەرانبەر کەوتە پێشچاوم، ئیتر نازانم چۆن و بۆچی و لەبەر کێ، شانبەشانی ئێمەی کەسوکاری مردوەکە ئەویش ڕاوەستابوو، چاوی لەسەر هەڵنەدەگرتم، زانیم دەمناسێ و دەیەوێ قسەم لەگەڵ بکات..
کاتێک بانگی عەسریدا، خەڵکەکە چوونە ژوورەوە بۆ نوێژی جەماعەت، وەختێ هۆڵی پرسەو بەردەرکی مزگەوت چۆڵبوو، کاکەی ڕۆژنامەنووس هات بۆلام:
ـ "سڵاوت لێبێ، فرسەتێکی چاکبوو چاوم پێتانکەوت، زۆر خۆشحاڵ بووم"
ـ "زۆر سوپاس هاوڕێ، منیش هەروا"

دەمزانی کە دەیەوێ پرسیارێک بکات، بەڵام هەرگیز لەو کات و شوێنەدا، لەو باوەڕەدا نەبووم پرسیارێکی لەو جۆرە بکات، گوتی:
ـ "لەڕاستیا ئەمەوێ پرسیارێکت لێبکەم، چونکە دڵنیام وەڵامێکی گونجاوت پێیە بۆ پرسیارەکە"
ـ "ئەی ناکرێ هەڵیگری بۆ سەعاتێکی تر؟"
ـ "تەنیا یەک پرسیارە، حەزەکەم ئێستا، دەقیقەن لەم ساتە وەختەیا بیکەم"
ـ "فەرموو"
بزەیەکی بەزۆر خستە سەر لێوەکانی، ئەنجا زۆر بە ناسکیی پرسیی:
ـ "ئیشـــق چییە؟"!


سەرم سوڕما، لەدڵی خۆمدا گوتم، ئاخر توخوا ئائەمە ڕۆژنامەنووسە یان گوێرەکە، پرسیارەکە ئەوەندە بێمانابوو لەو کات و شوێنەدا، هیچم بۆنەکرا بەرانبەری بیکەم، بۆیە بەپێی کێشی عەقڵی خۆی وەڵامم دایەوە، تاقەتم نەبوو بەجوانی بۆی شیبکەمەوە، یان ئەوەی دەیزانم لەسەر چەمکی ئەشق پێیبڵێم، بە شێوازێکی بازاڕی، وەک ئەو بە ناسکی گوتم:
ـ "ئیشق ئاوێتەبوونە"
ـ "واتە چۆن"
ـ "واتە جووتبوون"
ـ "یەعنی چۆن جوتبوون؟"
ـ "یەعنی تێخەولێخە"!

کاکەی ڕوژنامەنووس، وەک ئەوەی کارەبا بیگرێ وابوو، بە نەرمی تەماشایەکی کردم و بزەی سەر لێوەکانی کەوتە خوار، ئیتر بێئەوەی یەک وشە بڵێ، مزگەوتەکەشی بەجێهێشت.
..................

## بەرهەمی نوێی هونەرمەند هیوا ساڵح



# گۆشەی ئەدەب و هونەر



1
باوکم کریکاری مەعدەنی
بەرد بوو
هەمیشە دیووت:
خوزگایە!
ڕۆژێك لە ڕوژان
توانی بایەم
لاشەی سەرمایەدارم
وە ك بەرد پر لە باروت
کردبایە
هەر لاشەیەکم
بو ماڵە هەژاریك فرێ
دابایە
ئەوکات منالێ هەژاران
بە خوشی و پیکەنینەوە
کایەیان پیکردبایە
وە هیچ کەس نەیتوانیبا
بیزێزی بە هەژار بکا؟؟!!
بیزێزی بە نان بکا؟؟!!

2-
بە باوکم ووت:
بابەگیان!
هەژاری یانی چی؟؟!!
وتی: ڕۆڵەکەم
هەژاری یانی: نەخوشیکی
چارەسەر نەکراو
لەسەر سایەی
سەرمایەدار

3-
خوزگایە!
هەژاری تەنیا
یەك کەس بوایە
تاکو کوشتبام و ئیتر
هیچ کات
سەری هەڵنەدابایە؟؟!!
4-
بۆ ئەوەی بزانیت:
سەرمایەدار چەند خوێن
مژە
سە یری"زەرو بکە"
کە چۆن تینویتی خۆی
بەخوین دەشکێنێ؟؟!!

5-
لە کوڵانێك
خواو ژنێك
روبەڕووی یەك بوونەوە
خوا بەشەرمەوە
سەری داخست و
ڕۆیشت
ژنەکەش!
بە هەموو وزەو توانای
خوی
سێوی قەپ لێدراوی
هاویشتی؟؟!!

7-
هیچ بووم گرینگ نییە
جیهانی عیلم و
تەکنولۆژی
کاتێك کە دەبی
ڕۆژی سەدجار بمری و
بژی
بۆ بەدەست هیٚنانی
پارەو نانێك
»سەر دابنەوێنی:
بۆهەموو ناپیاوێك

8-
منالیکی هەژار
کوتی: بابە گیان
ئەدی »کولیرە«چەند
برگەیە؟
گوتی: ڕوڵە گیان
لەسەری مەرۆ□
»کولیرە « برگە ناکری
مەیل دەکری؟؟!!
مەیل دەکری؟؟!!

**خالید بایەزیدی**

**٢٠٢٠**

# ناسنامە

ئەحمەد جوانکار



ناسنامە
تۆ ئازادی،
چیتوو چۆنی..
بۆ من هیچنین،
خاك و
وڵات و
نەتەوە
دەوڵەت و .. دین! .

ئەشێ بۆ تۆ شانازیین..
بۆمن بۆتە شانازی،
سۆشیالیزم و
مارکسیزم و کریکاری..
خۆشەویستی و
مرۆڤ و مرۆڤایەتی.
چیبکەم ئێ من ئاوام.
تۆش ئازادی،
چیتوو چۆن ئەبی

Ahmad jwankar

# کەلتوور و ئایدۆلۆژیا و ئەخلاق

چەوساندنەوە و جیاکاری و بێمافیەکی ئاوا لەڕادەبەدەر ی ژێر سایەی نیزامی سەرمایەداری بەشێوەیەکی ئاوا زەق و ئاشکرا، بەبێ تەسلیم بوون و ڕەزامەندیی خودی کۆمەڵانی بەرینی چەوساوە و بە ڕەوا لەقەڵەمدانی ئەم پەیوەندیە چەوسێنەرایە لە زەینی خودی قوربانیانیدا ناتوانێ خۆی بە پێوە ڕابگرێ. پاساوکردنی ئەم هەلومەرجە و، بە ئەزەلی و ئەبەدی لە قەڵەمدانی و، ترساندن و سڵەماندنەوەی ژێردەستانی کۆمەڵگە لە یاخیبوون لە دژی ئەم پەیوەندیانە، ئەمانە ئەرکەکانی ڕووبینای فیکری و کەلتووری و ئەخلاقیی لەم کۆمەڵگەیەدا. جبەخانەی کەلتووریی و ئەخلاقیی بۆرژوازی لە دژی ئازادی و ڕزگاریی ئینسان یەکجار گەورە و سەرسوڕهێنەرە. بەشێك لەم ئامرازانە لە چاخە کۆنەکانەوە بە میرات ماونەتەوە، بەڵام بە پێی پێداویستیەکانی کۆمەڵگەی بۆرژوایی ئارایش و دەمەزەرد کراونەتەوە. دین و مەزهەبە جۆراوجۆرەکان، سۆز و دەمارگیریە ئەخلاقیە ساویلکانەکان، ڕەگەزپەرستی، نەژادپەرستی، پیاوسالاری، هەموو ئەمانە بەدرێژایی مێژوو چەکە فیکری و کەلتووریەکانی چینە دەسەڵاتدارەکانی کۆمەڵگە بوون بۆ کپکردن و ملکەچکردنی جەماوەری زەحمەتکێشی کۆمەڵگە. هەموو ئەمانە بە بەرگی تازە و توانای تازەوە، لەسەردەمی ئێمەدا خزمەت بە پارێزگاری کردن لە خاوەندارێتی و دەسەڵاتدارێتی بۆرژوایی دەکەن لە مەترسی هۆشیاربوونەوە و وریابوونەوە و ڕەخنەی چینی کرێکار و کۆمەڵانی چەوساوە.



# موحسین کەریم: ئەوەی کە زیان لێکەوتووی سەرەکی و ئەوەڵ و ئەخیری دەسەڵاتی کوردایەتی و بۆرژوازی کوردە چینی کرێکاری کوردستانە ...

## دیمانەی بۆپێشەوە لەگەڵ بەڕێز موحسین کەریم جێگری سکرتێری کۆمیتە ناوەندی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان سەبارەت بە هەلومەرجی کوردستان و پرسی ڕاماڵینی دەسەڵات...

**بۆپێشەوە: هەلومەرجی سیاسی کوردستان ڕوو لە ئاڵوگۆرە، خواستی ڕاماڵینی دەسەڵات تادێت بەرین دەبێتەوە، چۆن دەکرێت خواستی ڕاماڵین بگۆردرێت بە بزووتنەوەی ڕاماڵین؟**

**موحسین کەریم:** بەبڕوای من گرنگترین مەسەلە لەوەی بزوتنەوەیەکی جەماوەری بۆ ڕاماڵینی دەسەڵاتی میلیشیایی بۆرژوازی کورد بەڕێبیکەوێ ئەوەیە کە جەماوەر بە کردەوە دەستبەرێت بۆ کردەی سیاسی بۆ ڕاماڵینی ئەم دەسەڵاتە.. کردەی سیاسی جەماوەرییش پێویستی بە جۆرێک لە خۆڕێکخستنی جەماوەریە و بەبێ ڕێکخستن ئیمکانی ئەو کارە سەختە یان هەر نییە.. هەنگاوی یەکەمیش لەم نێوەدا ئەوەیە کە هێزێک یان هێزگەلێک هەبن کە هەم خواستی ڕاماڵینی ئەم دەسەڵاتەیان هەبێت و هەم هەنگاوی بەکردەوە بنێن بۆ جێبەجێکردنی ئەم ئەرک و وەزیفەیە و بتوانن لانی کەم بەشێک لە جەماوەر لەدەوری خۆیان و بۆ ئەم ئامانجە کۆبکەنەوە و سیاسەت و بەرنامەی سیاسی ئەو هێزە یان هێزانە بگۆڕدرێن بۆ پراتیکی ڕۆژانەی جەماوەر... واتە ئەوەی ئەو هێزانە دەیڵێن و دەیکەن، ببێتە بەشێک لە جموجوڵی سیاسی جەماوەری و لەخوارەوەو لە سەرجەم مەیدانەکانی ژیانی سیاسی- ئیداری- خزمەتگوازری دا جەماوەری ناڕازی و شۆڕشگێرو ڕێکخراو هەنگاو بەهەنگاو ژێرپێی دەسەڵات خاڵی بکاتەوەو دەسەڵاتداریێتی خۆی لەڕێگای ئەنجومەنە شۆرشگێرو شوراکانەوە دابمەزرێنێ.

**بۆپێشەوە: ئەو دەسەڵاتەی پێویستە جێگای دەسەڵاتی بۆرژوازی کورد بگرێتەوە، چ جۆرە دەسەڵاتێکە؟**

**موحسین کەریم:** بە بڕوای من ئەو دەسەڵاتە تەنها دەبێ دەسەڵاتێک بێت کە لەسەر بنەمای دیموکراسی ڕاستەوخۆ دامەزرابێت. دەسەڵاتێک کە نەخشی جەماوەر لە ژیانی سیاسی- کۆمەڵایەتیدا مسۆگەر بکات. ئەویش لە چوارچێوەی سیستەمی پەرلەمانی و دیموکراسی- نوێنەرایەتیدا مومکین نییە. هەڵبەتە سیستەمی سیاسی ئێستای کوردستان سیستەمێکی نوێنەرایەتی- پەرلەمانی نییە، بەڵکو ئەوەی هەیە تەنها کاریکاتۆرێکە لە پەرلەمان و نوێنەرایەتی بۆرژوازی. لەڕاستیدا ئەوەی لە کوردستان هەیە دەسەڵات و حکومەتی حزبی چەکدارە و میکانیزمی چەک و هێزی میلیشیا حوکم دەکات بەسەر هەموو جومگەکانی سیاسەت و دەسەڵات و یاساو ئابوری و دادگاو و ژیانی کۆمەڵایەتیدا بە گشتی! دەسەڵاتی شورایی، یان حکومەتی شوراکانی خەڵک تەنها ئەڵتەرناتیڤێکی حکومەتیە کە لە ڕوانگەی بەرژەوەندی خەڵکەوە دەکرێ جێگای دەسەڵاتی ئێستا بگرێتەوە. دەسەڵاتێک کە ژیان و سەلامەتی و خۆشگوزەرانی و ئایندەیەکی ڕووناک و شادمان بۆ خەڵکی کوردستان فەراهەم و مسۆگەر بکات تەنها دەسەڵاتی شوراکانی خەڵکی کوردستانە.

**بۆپێشەوە: ڕۆڵی چەپ و کۆمۆنیستەکان لە هەلومەرجی ئێستادا چییە؟ چۆن دەتوانن ڕۆڵی سەرەکی بگێڕن و ڕێگە نەدەن لە سبەینێی هەر ئاڵوگۆڕێکدا هێزی سیاسی بۆرژوازی تر دەستکەوتی ڕاپەڕینی جەماوەری بە قازانجی خۆیان بدزن؟**

**موحسین کەریم:** من پێموایە بۆئەوەی کۆمۆنیزم بتوانێ ڕۆڵی پێشڕەوانەی خۆی بگێڕێ، دەبێ ببێتە ئەو هێزو لایەنە سیاسی و حزبیەی کە ڕابەری ئەم ئاڵوگۆڕە سیاسیە بۆ جەماوەر مەیسەر دەکات. هەر کەسێک و گروپێک خۆی بە چەپ و کۆمۆنیست ناوزەد دەکات، دەبێ کاری سەرەکی و یەکەمی ئەوە بێت کە چۆن ئەم ڕابەریە سیاسیە دابین دەکات. ئەم پرسەش مەسەلەیەکی تیۆری نییە، بەڵکو سیاسی- عەمەلیە. پرسی سەرەکی کۆمەڵگەی کوردستان کۆتاییهێنانە بە دەسەڵاتی ئێستا. هەر هێزێک بتوانێ بە کردەوە وەڵام بەم پرسە بداتەوە دەتوانێ جەماوەر لەگەڵ خۆیدا بەرێت.. بێگومان ئەم کارە ئاسان نییە، بەڵام ئەرکی هەر هێزو حزبێکی کۆمۆنیستە کە خۆی بۆ بەجێگەیاندنی ئامادەبکات، دەنا لە پەراوێزی ڕووداوەکان و کۆمەڵگەدا دەمێنێتە و جەماوەریش بە ناچاری پاڵ دەدەنە پاڵ هێزێکی بۆرژوازی کە پێیانوایە لە نەبوونی هێزکی کۆمۆنیستی لەوجۆرە، دەتوانێ هەنگاوێک لە ئومێدەکانیان نزیکیان بکاتەوە..

**بۆپێشەوە: ڕوخاندن و هەڵپێچانی دەسەڵاتی میلیشیایی و حزبی، زۆر جیاوازە لە ڕوخاندنی دەسەڵاتێکی حکومی... میکانیزمەکانی وەلانانی دەسەڵاتی میلیشیایی و حزبی چییە؟**

**موحسین کەریم:** وەکو خۆشتان دەڵێن پاکردنەوەو ڕاماڵینە... ڕوخاندنی حکومەت و دەوڵەتێکی ئاسایی بۆرژوازی جیاوازە لە کۆتاییهێنان بە دەسەڵاتی ئەحزابی چەکدار و میلیشیایی بۆرژوازی.. ڕاماڵین واتە ئەوەی کە دەبێ ڕۆژێک لە ڕۆژان جەماوەر بەو بڕوایە بگات کە لە شوێنێکەوە دەست پێبکات و هەنگاو بە هەنگاو دەسەڵاتی ئەوان پاک بکاتەوە و دەسەڵاتی جەماوەری خۆی دابمەزرێنێ.. ڕەنگە ئەمە پرۆسەیەکی خێرا نەبێ، بەڵکو پرۆسەیەکی سیاسی- سەربازی تاڕادەیەک درێژەماوە بێت کە ڕەنگە چەند مانگ بخایەنێ و ڕەنگە سەرەتا لە ناوچەیەکەوە دەست پێبکات و بەرەبەرە بگوازرێتەوە بۆ ناوچەکانی دیکە.. مەبەستی من ئەوە نییە کە پرۆسەکە شەڕێکی چەکدارییە لەگەڵ ئەو حزبە چەکدارانەدا... بەڵکو داماڵینی ئەوانە لەدەسەڵات لەهەر شوێنێکەوە مومکین بوو، لەڕێگای سازدانی ئۆرگانەکانی خەڵکەوە له خوارەوه و ڕاکێشانی هێزەکانی ئەو حزبانەیە بۆناو جەماوەر و وەستان لەپاڵ کەسوکاری خۆیاندا و پاراستنی دەسەڵاتی خەڵکە لە هێرش و پەلاماری چەکداری ئەو حزبانە کاتێک ویستیان پەلاماری خەڵک و ئۆرگانەکانی دەسەڵاتداریێتی جەماوەری کە پێکهاتوون بدەن..

**بۆپێشەوە: ڕۆڵی چینی کریکار لەبزووتنەوەی هەڵپێچانی دەسەڵاتی بۆرژوازی کوردا چییە؟ چۆن دەکرێت ڕۆڵی ڕابەری شایستەی خۆیان بگێڕن؟**

**موحسین کەریم:** ئەوەی کە زیانلێکەوتووی سەرەکی و ئەوەڵ و ئەخیری دەسەڵاتی کوردایەتی و بۆرژوازی کوردە چینی کرێکاری کوردستانە. ناڕەزایەتی و نەفرەتێک کە لەم دەسەڵاتە هەیە، لەلایەن چینی کرێکارو خەڵکی زەحمەتکێشەوەیە، دەنا بۆرژوازی و تاڕادەیەک وردەبۆرژوازی کورد، ئەوەندە ناڕەحەت نییە لەم دەسەڵاتە بەقەدەر ئەوەی کە پێیانوایە خیانەتی لە پەیامەکەی خۆی کردوە؛ واتە خیانەتی لەبەهاو بنەماکانی کوردایەتی کردوە. بۆیە خواستی کۆتاییهاتن بە دەسەڵاتی بۆرژوا- میلیشایی کورد خواستی جەماوەری کرێکارو زەحمەتکێش و کەمدەرامەت و برسیکراوە و هەر ئەوانیش دەتوانن ئەم خواستە بکەن بە بزووتنەوەیەکی سیاسی- جەماوەری بەکردەوە بۆ کۆتاییهێنان بەم دەسەڵاتە مشەخۆرو چەوسێنەرە... تەنانەت زۆربەی ناڕەایەتی و خۆپیشاندانەکانی کوردستان لەلایەن ئەوانەوە ئەنجام دراوە، بەڵام خاڵی لاوازی چینی کرێکارو بزوتنەوەکەی لەوەدایە کە تا ئێستا بەشێوەی ڕێکخراو و وەکو بزوتنەوەیەکی سیاسی- چینایەتی سەربەخۆ نەهاتۆتە مەیدان و نەخشی نەگێڕاوە. چینی کرێکارو بزووتنەوەی کرێکاریی لە کوردستان بۆئەوەی کۆتایی بە نایەکسانی و ستەمی ئابوری و بێمافی سیاسی و یاسایی بەرامبەر بە چینی کرێکارو جەماوەری بێبەش و زەحمەتکێش و سەرجەم توێژە هەژارو ستەملێکراوەکانی کوردستان بهێنن، دەبێ یەکەم مەرجی بەئاکام گەیشتنی ئەم نەخشەیان جێبەجێ بکەن، ئەویش سەرکەوتنە بەسەر لاوازی ڕێکخراوەیی و سیاسی چینی کرێکار.. بەبێ ڕێکخراوبوونی سیاسی و جەماوەری، چینی کرێکار و بزووتنەوەی کرێکاری ناتوانێ نەک کۆتایی بەم دەسەڵاتە بهێنێ، بەڵکو ناتوانێ هەنگاوێک بە ئاراستەی باشبوونی ژیان و گوزەران و بەدەستهێنانی مافە یاساییەکانی بنێت! حزبی سیاسی و ڕێکخراوەی جەماوەری دوو ئەداتی کارسازی شۆڕش و هەرجۆرە جموجوڵێکی سیاسی و جەماوەری چینی کرێکارن.

**خواستی کۆتاییهاتن بە دەسەڵاتی بۆرژوا- میلیشایی کورد خواستی جەماوەری کرێکارو زەحمەتکێش و کەمدەرامەت و برسیکراوە و هەر ئەوانیش دەتوانن ئەم خواستە بکەن بە بزووتنەوەیەکی سیاسی- جەماوەری بەکردەوە بۆ کۆتاییهێنان بەم دەسەڵاتە مشەخۆرو چەوسێنەرە...**

**خاڵی لاوازی چینی کرێکارو بزوتنەوەکەی لەوەدایە کە تا ئێستا بەشێوەی ڕێکخراو و وەکو بزوتنەوەیەکی سیاسی- چینایەتی سەربەخۆ نەهاتۆتە مەیدان و نەخشی نەگێڕاوە. چینی کرێکارو بزووتنەوەی کرێکاریی لە کوردستان بۆئەوەی کۆتایی بە نایەکسانی و ستەمی ئابوری و بێمافی سیاسی و یاسایی بەرامبەر بە چینی کرێکارو جەماوەری بێبەش و زەحمەتکێش و سەرجەم توێژە هەژارو ستەملێکراوەکانی کوردستان بهێنن، دەبێ یەکەم مەرجی بەئاکام گەیشتنی ئەم نەخشەیان جێبەجێ بکەن، ئەویش سەرکەوتنە بەسەر لاوازی ڕێکخراوەیی و سیاسی چینی کرێکار..**

بۆپێشەوە
FORWARD
بلاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە



# تاهیر حاجی حەسەن: ئەگەر لەوڵاتانی چواردەور یان لەوڵاتانی زلهێزی خاوەن پیشەسازی گەورەدا، چینی کرێکار دەستیان برد بۆ بەرپاکردنی شۆڕشی کۆمەڵایەتی، ئەوکات کاریگەریەکانیشی زوو دەگاتە نێو چینی چەوساوەی کوردستانیش ..

## دیمانەی بۆپێشەوە لەگەڵ بەڕێز تاهیر حاجی حەسەن؛ نووسەر و چالاکوانی سیاسی لەسەر هەلومەرجی کوردستان و پرسی ڕاماڵینی دەسەڵات.

**بۆپێشەوە: لایەنێکی هەرە بەهێزی هەر بزووتنەوەیەکی شۆرشگێڕانە، یەکگرتوو بوون و ڕێکخراوبوونی جەماوەری کرێکارو خەڵکی بێبەشە، هۆکاری نارێکخراوبوونی چینی کرێکار و توێژە کۆمەڵایەتییەکان لە ڕێکخراوەی سەربەخۆی خۆیاندا، بۆچی دەگەڕێتەوە؟**

**تاهیر حاجی حەسەن:** مێژووی بزووتنەوە کرێکاریەکان لەنێو نارەزایەتیەکانیان دژ بەخاوەنکار یان دەوڵەت و سیستەمی سەرمایەداریدا، هێندەی مێژووی سەرمایەداریە. چونکە خودی سیستەمی سەرمایەداری بەرهەمهێنەری خودی چینی کرێکاری داماڵراو لەهەر ئامرازێکی بەرهەمهێنانە کەلەرێیەوە بتوانێت بژێوی خۆی پێ پەیدا بکات، بۆیە تەنها ئامرازێک هەیبێت فرۆشتنی هێزی کارەکەیتی بەخاوەنکارو دەوڵەتی چینی سەرمایەداری چەوسێنەری وێڵ بو بەدوای قازانج و کەڵەکەی سەرمایەی زیاتردا. بێگومان چینی سەرمایەدار قازانج و کەڵەکەی بەشی زۆری سەرمایەکەی لەرێی دزینی بەشەرعی کراوی هێزی کاری کرێکارانەوەیە، یانی هەر لەساتەوەختی بونی سەرمایە و پارەو دەوڵەت و بانک و هێزو دامودەزگا جۆراوجۆرەکانی، کرێکاریش وەستاوە و بوون دەدات بەچینی سەرمایەداری، لەرێگەی بەناچاربوونی بۆ فرۆشتنی هێزی کارەکە، تا خۆی و ماڵ و منداڵی پێ بژێنێت. نارێکخراوبوونی چینی کرێکار، لەلایەک پەیوەستە بەو هەلومەرجە ماتەریاڵیانەوە کەپێگەی خودی چینەکەی تێدایە و ئاستی گەشە و شێوازێکی بەرهەمهێنان کەلەهەر کۆمەڵگەیەکدا پێی گەیشتوە، لەلایەکیترەوە، ڕۆژانە چینی کرێکار لەلایەن زیاد لەمیدیایەک و زیاد لەسەدان دامودەزگای سەرخانیەوەی تایبەت بەدەوڵەتی سەرمایەداریەوە، هەڵدەخەڵەتێنرێت و بەرەو ئاراستەیەک دەبرێت کەدوریان دەخاتەوە لەپێگەی هۆشیاری سیاسی چینایەتی خۆیان. ئەو ئەرکە مێژووییە بۆ هۆشیار کردنەوەی چینی کرێکار، و ڕێکخراوبوونیان تادەگات بەخاڵی پڕ مەبەست و ئامانجدار، پێدانی ئاسۆی سیاسیە بەو چینەی خۆی لەواقعدا هەڵسوڕێنەری ژیانە، ئەویش بوونی حزبی پێشڕەوی خودی چینی کرێکارە. بەڵام لەوەی بپرسین، بۆچی حزبی سەربە چینی کرێکار، نەیتوانیوە ئەو دەورە مێژووییە بگێڕێت و زۆرجار لەژێر ئەوناوەدا، حزب هێندەی خزمەتی بەپێگە سیاسیەکە و مەرامی تایبەتی خۆی کردوە، بەوئەندازەیە خزمەتی بەهۆشیار کردنەوەو ڕێکخراوبوونی خودی چینی کرێکار نەکردوە. ئاوا حاڵەتێکیش لەمێژووی خەباتی سیاسی چینی کرێکاردا، بەپێی قۆناغ و ساتە مێژووییەکان، لەهەر وڵاتێکدا جیاوازە. لەهەرێمی کوردستان و عێراقدا، چینی کرێکارو خەڵکی زەحمەتکێش و جوتیاران، هەمیشە لەلایەن ئەحزابی چینی بۆرژواو توێژی سیاسی وردە بۆرژواوە، وەک پارویەکی ئاسان وابوەو درێغیان نەکردوە لەهەڵخەڵەتاندنی ئەو چینەدا، بێگومان، ئەوەیش ڕەنگدانەوەی ئاستی ئەو شێوازە لەبەرهەمهێنانە کەلەوڵاتێکی وەک عێراق و کوردستاندا بوونی هەبووە. حزبی شیوعی عێراق، ئەگەر بەپێی ئەرکێکی مێژوویی کەلەسەر شانیەتی، دەبوایە، ئێستا پێشڕەوێکی گەورە بوایە لەنێو چینی کرێکاری عێراق و کوردستاندا، کەچی تاهاتووە، لەپاشەکشێدا بووە و بووەتە بارێکی قورس بەسەر خۆی و بەسەر چینی کرێکاریشەوە، ئێ لەبەرانبەردا بەرەی ناسیۆنالیزم و مەزهەبی و دینی توانیویانە پێگەی ناهۆشیارانەی چینی کرێکار بەکاربهێنن و لەپێناو خۆیاندا بەکاریان بهێنن. دواتر حزب ورێکخراو گەلی چەپ و کۆمۆنیستی کەزیاتر لەدوای ڕاپەڕینی بەهاری ساڵی ١٩٩١ وە زیاتر دەرکەوتن لەنێو کۆمەڵگەدا، ئەوانیش گەرچی بۆ قۆناغێک توانیان تائەندازەیەک جێ دەستیان لەنێو چینی زەحمەتکێشی کوردستاندا دابنێن، بەڵام بۆ دواجار، جیابونەوە و لێکترازانی گروپی و دابڕان و دەرچونی کادرەکانی سەر بەو بەرە کۆمۆنیستیە ڕووە و وڵاتانی ئەوروپا، هێندەیتر، کارئاسانی کرد بۆ ئەحزابی ناسیۆنالیستی و ئیسلامی تابەئاسانی چینی چەوساوەی هەرێم و عێراقیش لەبەریەک هەڵبوەشێننەوەو دەرگیریان بکەن، لەنێو بەرژەوەندیەکانیاندا. لەبیرمان نەچێت، جەنگی دڕندانەی ڕژێمی بەعس لەهەشتاکانی سەدەی ڕابردوو لەگەڵ دەوڵەتی ئاخوندەکان (جمهوری ئیسلامی ئێران) و هیلاک کردنی چینەچەوساوەکان و دارمانی ژێرخانی ئابوری، و دواجار جەنگی دەوڵەت دژبە دەوڵەتی کوێت لەساڵی ١٩٩٠ تا دەرئەنجامە وێرانکاریە گەورەکەی ئیمپریالیزمی ئەمریکی و هاوپەیمانەکانیان لەجەنگێکی وێرانکارەدا کردیانە سەر گەلی عێراق، هێندەیتر ئەو چینەچەوساوەیەی نامۆ کرد بەژیان و پێگەیەکی کۆمەڵایەتی کە هەیبوو. ئەو جەنگە تائێستایش تەواو نەبووەو ڕۆژانە لەلایەن شەریکات و هێزە تالانچیەکانیانەوە، سامانی گشتی کۆمەڵگە دەدزن و ژیان و گوزەرانی زۆرینەی داماڵراو لەپێگەی بەرهەمهێنان و کردنیان بەچینی زیادە و بەرخۆر، کارێکی وا دڕندانەیان دژی ئەو چینەبەرهەمهێنەرە کردوە، کەهەڵوەشاندنەوەی کۆمەڵایەتی چینەکەی بەشوێن خۆیدا هێناوە. جائێستایش هەرداوا دەکرێت کەئەو چینە بەئەرکی مێژوویی خۆی هەستێت و شۆڕشی کۆمەڵایەتی خۆی بەرپا بکات لەدژی کۆی دەوڵەتی چینەچەوسێنەرەکەی سەرمایەداریە ناوخۆی و دەرەکیەکان. بەڵام ئاخۆ، گەر حزبێکی پێشڕەوی تەواو خاوەن ئاسۆی سیاسی سۆسیالیستی لەئاست ئەرکێکی واقورس و پڕ لەخۆڕاگری بوونی نەبێت، چۆن چینی کرێکارو خەڵکی زەحمەتکێش دەتوانێت خۆی ڕێکخراو بکات و دەست ببات بۆ بەرپاکردنی شۆڕشی کۆمەڵایەتی؟

> **ناڕێکخراوبوونی چینی کرێکار، لەلایەك پەیوەستە بەو هەلومەرجە ماتەریاڵیانەوە کەپێگەی خودی چینەکەی تێدایە و ئاستی گەشە و شێوازێکی بەرهەمهێنان کە لەهەر کۆمەڵگەیەکدا پێی گەیشتوە، لەلایەکیترەوە، ڕۆژانە چینی کرێکار لەلایەن زیاد لەمیدیایەك و زیاد لەسەدان دامودەزگای سەرخانی تایبەت بەدەوڵەتی سەرمایەداریەوە، هەڵدەخەڵەتێنرێت و بەرەو ئاراستەیەك دەبرێت کەدووریان دەخاتەوە لەپێگەی هۆشیاری سیاسی چینایەتی خۆیان. ئەو ئەرکە مێژووییە بۆ هۆشیار کردنەوەی چینی کرێکار، و ڕێکخراوبوونیان تادەگات بەخاڵی پڕ مەبەست و ئامانجدار، پێدانی ئاسۆی سیاسیە بەو چینەی خۆی لەواقعدا هەڵسوڕێنەری ژیانە، ئەویش بوونی حزبی پێشڕەوی خودی چینی کرێکارە …**

> **لە نائامادەیی حزبی پێشڕەوی چینی کرێکار و نائامادەی هۆشیاری سیاسی چینایەتیدا، هەردەم نارەزایەتییەکانی چینی کرێکار، لەلایەك بێ دەستکەوت نەبووە، و لەلایەکیتریشەوە لەلایەن حزبە بۆرژواو وردەبۆرژواکانەوە بەلاڕێدا براون. لەگەڵ ئەوەیشدا، ئێمە لەسەدەیەکدا دەژین، کە شۆڕشی کۆمەڵایەتی دەکاتە پێویستی ڕۆژ، ئەوەی لەکام وڵات و لەکام کونجەوە ئەو شۆڕشە مەزنەی چینی کرێکار خۆی بەیان دەکات هێشتا نادیارە..**

**بۆپێشەوە: چۆن دەڕواننە ئەو بۆچوونەی کە بۆ ڕزگار بوون لەدەسەڵاتی بزووتنەوەی کوردایەتی، چاویان بڕیوەتە دەسەڵاتی ناوەندی و بەغدا؟ ئایا ئومێد و پشت بەستن و چاوبڕینە دەسەڵاتی بەغدا، ڕێگا چارەیە؟**

**تاهیر حاجی حەسەن:** ئەحزابی بەرەی ناسیۆنالیزمی کوردی لەگەڵ ئەو ئەحزابە ناسیۆنالیستی و مەزهەبی و دینیانەی دەوڵەتی عێراقی دوای ڕژێمی سەدامیان دامەزراندوە، تەواوکەری یەکترن و ئەوان؛ بەپێی بەرژەوەندیە ئابووری و سیاسیە چینایەتیەکانیان، لەیەکگرتنیان لەگەڵ دەوڵەتی ناوەندی یان جیابونەوەیان، ئەوا قازانج و بەرژەوەندیەکی بۆ زۆرینە چەوساوەکەی نێو کۆمەڵگەی عێراقی و کوردستان نابێت. ئەوان، خۆیان یانی هەردولایان هەڵسوڕێنەری چەتەگەری و تالانچێتی بەرژەوەندی شەریکاتە گەورە ناوچەیی و دەوڵەتانی ئیمپریالیزمی جیهانین. ئەو ژیانەی چینی چەوساوەی عێراق هەیانە، باشتر نییە لەو ژیانەی چینی چەوساوەی کوردستان هەیانە. بۆیە ئومێد و خواستی چینەچەوساوەکان لەوێدا نییە، کەچینە دەسەڵاتدارە بۆرژواکان بەشوێنیەوەن. دوو دنیابینی جیاواز لەم نێوەدا بونیان هەیە، ئەویش جیاوازی چینایەتیە.

**بۆپێشەوە: بۆچوونێک هەیە بۆ دەربازبوون لە دۆخی نەخوازراوی کوردستان، پرسی لامەرکەزی و گەڕانەوە بۆ بەغدا دەهێننە گۆڕێ، لەو بارەیەوە دەڵێن چی؟**

بۆ لاپەڕە ... 11

## درێژەی...کرانەوەی ڕازەکانی ژیانێکی باشتر... با ڕابماڵین دەسەڵاتی چەوسێنەر

بنەماڵەیەک بێت. بۆچارەسەر و کۆتاییهێنانی ئەم تاڵانییە پێویستە لەڕێگەی شۆڕش وڕاپەرینی جەماوەری خەڵکی نارازی عێراق وکوردستان پارەو سامانی سەرجەم سەرمایەدارەکان کۆمەڵایەتی بکرێتەوە. ئەمەش بەڕووخان و نەمانی سیستەمی چەوسێنەرو کۆنەخواز لەکوردستان وعێراق، دواتر هێنانەدی دەسەڵاتی خەڵک لەئیدارەدانی شوراییەوە،کەخەڵک خۆیان بەشدار وچاودێری ڕاستەوخۆبکەن لەئیدارەدان وحکومەتداری دا..

هەربۆیە بەردەوام دەست خۆشی دەکەم لەهەر تێکۆشان و خەباتێک و ڕێکخەران وبەشداربووانێک و هەموو ئەوانەی بەشدارن وقسەی دڵی خەڵکی نارازی دەکەن چاوی هەرهەمووتان ماچ دەکەم لەگەڵتانین لەهەرهەنگاوێک وهەرتێکۆشانێکدا بۆهێنانەدی ماف وئازادییەکانتان. لەوانەیە لەم هەنگاوەو لەهەنگاوەکانی داهاتووشدا سەرکەوتوونەبن یان گرفت و چەندەها کێشە بێتە پێشی لەهەنگاوەکاندا، بەڵام دەتواندرێت لەهەر هەنگاوێکی نارەزایەتی وخۆپیشاندا گەنجان ولاوانی دڵسۆز سوود لەهەڵەو کەموکورییەکانی ڕابردوویی نارەزایەتی وخۆپیشاندانەکان وەربگرن، باشترو چالاکانەتر خۆیان ڕێکخراوبکەن، نەهێڵن وڕێگە نەدەن هیچ هێزو لایەن وحیزبێک بەناوی ئۆپۆزیسیۆن بوونەوە فریویان بدات وئاراستەیان بکات، بەڵکو پێویستە خۆیان وەک گەنجان و لاوانی بێکارو هەژارو چەوساوە وکرێکارو زەحمەتکێش ومامۆستایان وفەرمانبەران دروشم و خواستی ئینسانی خۆیان بەرز بکەنەوە وخۆیان وەک ئەوەی دەیانەوێت وپێویستە بۆخەڵکی کوردستان تێکۆشان بکەن وکاریگەریی ئەرێنی وباشیان هەبێت بۆئاراستەکردنی کرداری خۆپیشاندانەکان ونارەزایەتی یە جەماوەرییەکان.

بۆپێشەوە بەرەو ڕێکخراوبوونی نارەزایەتییەکانی خەڵکی نارازی لەبزووتنەوەیەکی جەماوەری شوراییدا، بەرەو ڕووخانی دەسەڵات و سیستەمی کۆنەخوازو چەوسێنەر، دواتر دامەزراندنی ئیدارەدانی شورایی واتە دەسەڵاتی خەڵکی کوردستان.

## درێژەی... دیمانە لەگەڵ تاهیر حاجی حەسەن سەبارەت بە هەلومەرجی سیاسی کورستان و پرسی ڕاماڵینی دەسەڵات

**تاهیر حاجی حەسەن:** لەو بەشەی سەرەوە ئاماژەم بەو جیاوازیەی بەرژەوەندیەکانی ئەو حکومەت و دەوڵەتە تاڵانچیانەی کوردستان و عێراق داوە، لامەرکەزی یان پێکەوە کارکردنیان لەگەڵ دەوڵەتی ناوەند، بۆ چرکەیەکیش هەنگاوەکانیان لەپێناو باشتر کردنی ژیان و گوزەرانی چینەچەوساوەکاندا نییە، بەڵکو ڕێک لەوپێناوەدایە، کەچۆن ژیانی چینەچەوساوەکان وێرانتر بکەن. ڕێکخستنی کۆمەڵگە لەعێراق و کوردستاندا، هەروەک ئەو عەمودی کارەبای ناو گەڕەکەکان وایە، چۆن هەزاران وایەر بەشێوەیەکی ناشیرین و نارێکخراو چوون بەناو یەکدا، یانی گێژاوێکی قورس و قووڵ، کەخاوەن دەوڵەت و خاوەن حکومەت، لەوێدا باش دەرفەتیان هەیە بۆ دزین و تاڵان کردنی سامانی گشتی کۆمەڵگە.

**بۆپێشەوە: ڕۆڵی چینی کریکار لەبزووتنەوەی هەڵپێچانی دەسەڵاتی بۆرژوازی کوردا چییە؟ چۆن دەکرێت ڕۆڵی رابەری شایستەی خۆیان بگێڕن؟**

**تاهیر حاجی حەسەن:** ئەو ئەرکە و ئەو داواکاریە قورس و مێژووییە هەمیشە خراوەتە سەرچینی کرێکار، جا لەکوردستاندا بێت یان لەهەر وڵاتێکیتردا، بەڵام ئاخۆ چینی کرێکار بەبێ بوونی حزبێکی پێشڕەوی خۆی دەتوانێت دەست بۆ ئاوا شۆڕشێک ببات؟ ئاخۆ چینی کرێکاری کوردستان خاوەن ئاسۆیەکی وا ڕۆشنە کەخۆی بەئەڵتەرناتیڤی ئەحزابی بۆرژوازی کوردی بزانێت؟ بێگومان، من جۆرێک لەڕەشبینیم تێدایە بۆ داواکردنی بەرپاکردنی شۆڕشی کۆمەڵایەتی و ڕاماڵینی ئەحزابی تاڵانچی ناسیۆنالیزمی کورد لەلایەن چینی کرێکارەوە کەتائێستا لەڕووی هۆشیاری سیاسی چینایەتی خۆیەوە لەئاستی ئاوا ئەرکێکی مێژوویيدا نییە و لەهەمان کاتیشدا خاوەن حزبێکی شۆڕشگێڕی پێشڕەوی سۆسیالیستی خۆی نییە. ئەوە بێجگە لەوەی کە دەوڵەتانی ناوچەکە و ژیان و گوزەرانێک چینی کرێکار هەیانە لەوڵاتانەدا هیچی لەژیان و گوزەرانی چینی کرێکاری کوردستان باشتر نین و دەوڵەتەکانیشیان لەوانەی کوردستان دڕندەتر و تاڵانچی ترن. بۆیە من وایدەبینمەوە، ئەگەر لەوڵاتانی چواردەور یان لەوڵاتانی زلهێزی خاوەن پیشەسازی گەورەدا، چینی کرێکار دەستیان برد بۆ بەرپاکردنی شۆڕشی کۆمەڵایەتی، ئەوکات کاریگەریەکانیشی زوو دەگاتە نێو چینی چەوساوەی کوردستانیش.

**بۆپێشەوە: حزبەکانی دەسەڵات چۆن ڕووبەڕووی نارەزایەتی و بزووتنەوەی جەماوەری دەبنەوە بۆ پاراستنی دەسەڵاتیان؟**

**تاهیر حاجی حەسەن:** بێگومان بەسەرکوتکردن و خوێن ڕشتن، نەک هەر لەکوردستاندا، بەڵکو لەپێشکەوتوترین وڵاتانی جیهانیشدا، کاتێک چینی کرێکار دەستی بردبێت بۆ خۆپیشاندان، بەپێی ئاستی ڕێکخراوبوون و خاوەن ئاسۆیەک کەلەو ساتانەدا ئەو چینە نارازیە هەیبوە، هێزە سەرکوتکارەکانی پارێزەری دەوڵەت پەلاماری چینی نارازیان داوە. لەکوردستان و عێراق و ئێران و تورکیا و دەیان وڵاتی تر شاهیدی سەدان جۆری هاتنەمەیدانی نارەزایەتیەکانی چینی کرێکارین و بینیویشمانە لەلایەن هێزە سەرکوتکارەکانی دەوڵەتەکانەوە چۆن خوێنی چینی کرێکاریان ڕشتووە. دیسان لەنائامادەیی لەلایەک وحزبی پێشڕەوی چینی کرێکار و نائامادەی هۆشیاری سیاسی چینایەتیدا، هەردەم نارەزایەتییەکانی چینی کرێکار، لەلایەک بێدەست کەوت نەبووە، و لەلایەکیتریشەوە لەلایەن حزبە بۆرژواو وردەبۆرژواکانەوە بەلاڕێدا براون. لەگەڵ ئەوەیشدا، ئێمە لەسەدەیەکدا دەژین، کە شۆڕشی کۆمەڵایەتی دەکاتە پێویستی ڕۆژ، ئەوەی لەکام وڵات و لەکام کونجەوە ئەو شۆڕشە مەزنەی چینی کرێکار خۆی بەیان دەکات هێشتا نادیارە..

## کۆمەڵگەی ئازادی کۆمۆنیستی کە لەسەر بناغەی هاوبەشی هەمووان لەسەروەت و سامانی کۆمەڵگە دامەزراوە،هەر ئەمڕۆ دەکرێ پیادە بکرێ...

## درێژەی... دوا وتە

وەختێک ئەم میدیایە و ژمارەیەک لە روخسار و کادری ئەزموون سزی ناتوانن پارتی و یەکێتی ناچار بکەن دان بە بوونی ڕەسمیان وەکو حزب و ڕەوتێکی سیاسیدا، بنێن... هەنگاوی دووەمی نمایشی خۆیان دەخەنە ڕوو.

بانگەوازی خۆپیشاندان و دوبارەکردنەوە و لەداهاتوشدا چەند بارەکردنەوەی، هەنگاوێکی ترە لە راستای هەمان ئامانجدا کە میدیا بەتەنها نەیتوانی پارتی و یەکێتی بجوڵێنێت بە فەرمیان بناسێت.

بەڵی نەوەی نوێ دەیانەوێت بە وەربەرهێنان لە بزوتنەوەی فراوانی نارەزایەتی جەماوەری بە دژی دەسەڵاتی تاڵانچی و دژی بزوتنەوەی کوردیەتیدا، پێگەی خۆیان بەرنەپیشەوەو دەسەڵات ناچار بکەن وەکو هێزو رەوتێکی سیاسی بەرەسمیان بناسێت و مامەڵەیان لەگەڵ بکات.

بانگەوازی خۆپیشاندان لەلایەن سەرۆک و جوڵانەوەی نەوەی نوێووە،" کە هیچی نوێ نییە، جگە لەناوەکەی"، دوور و نزیک پەیوەندی بەپشتیوانی نەوەی نوێ لە خواست و داخوازییە رەواکانی جەماوەری ستەم دیدە و بێدەرەتانی کۆمەڵگەی کوردستانەوە نییە. هەروەها جەماوەری ملیۆنی خەڵکی کوردستانیش ئەزمونێکی یەکجار تاڵیان لەگەڵ ئەم جۆرە لە ئۆپۆزیسیۆنی بۆرژاوازی هەیە کە جارێکی تر و بە سانایی نابنەوە بە زەخیرەی هیچ هێزێکی سیاسی تر تا بیانکەنە بەردەبازی گەیشتن بەدەسەڵات و هاوبەشی دەسەڵات. ئیسلامیەکان و زۆر تایبەتی تریش بزوتنەوەی گۆڕان، ئەزمونێکی لە بیر نەچووەوەیە لە زاکیرەی خەڵکی کوردستاندا. بزوتنەوەی گۆڕان هات، بەناوی" گۆڕان" و گۆڕانکارییەوە هات. بەبانگەشەی چاکسازی، شەفافیەتی نەوت، بەدامەزراوەیی کردنی سیستەمی دەسەڵات، بە نیشتیمانیکردنی هێزی چەکدار، بەوەستانەوە بەدژی گەندەڵی... بە کۆمەڵێک پاکیجەوە، هات. گۆڕان لە جەرگەی نارەزایەتی فراوانی جەماوەریدا بەدژی دەسەڵاتی پارتی و یەکێتی هاتە مەیدان، بەدیمەنێکی جیاوازو سیمایەکی هەژارانە و روخسارێکی لاوانەوە خۆی دەرخست، بە پلاتفۆرمی گەورە خۆی نمایش کرد، وە توانی و تا ڕادەیەکی یەکجار زۆر بەشێکی بەرین لە جەماوەری نارازی سەرمەستی گۆرانکاری کرد، تەنانەت بەشێک لە چەپ و خۆ بە کۆمۆنیست زانەکانی راکیشی ناو ریزەکانی کرد. بزوتنەوەی گۆڕان بژاردەکانی خۆی وەکو رەوتێکی سیاسی، کردە بژاردە بەشێکی بەرینی جەماوەری و پێگەی دەسەڵاتی پارتی و یەکێتی تەکاندا، کەچی زۆر زوو ماهیەتی ئەو رەوتە دەرکەوت، کە پەیوەندی بە چاکسازی و باشبوونی ژیان و گوزەرانی خەڵکی کوردستانەوە نییە و وێڵی بەشداری دەسەڵات و هاوبەشی کردنە لە دزی و تاڵانییدا.

جوڵانەوەی نەوەی نوێ دوای شکستی ئەزموونی بزوتنەوەی گۆڕان، شانسی دوبارەکردنەوەی ئەم ئەزمونەی نییە کە جارێکی تر خەڵکی کوردستان بکاتە دەستمایەی گەیشتن بەدەسەڵات...

دیارە لە نەبوونی هێز و بزوتنەوەی کۆمۆنیستی و چەپ و رادیکاڵ و پێشکەوتنخوازدا، هەمیشە رەوت و لایەنی سیاسی تری بۆرژوازی بە بەرگی نوێ، بە بانگەشەی نوێ، دەتوانن بەشێک لەجەماوەر بۆ خۆیان و رابکێشن و کەڵک لە تورەیی و نارەزایەتیان بۆ ئامانجەکانی خۆیان وەربگرن، بەڵام ئەم شانسە بۆ نەوەی نوێ، شانسێکی لاوازە. بەتایبەتیش دوای ئەزمونی بزوتنەوەی گۆڕانی" باوکی هەژاران". کە سامانەکەی دوای مردنی یەکسان بوو بە ملیارها دۆلار و بانگەشەی دژی دەسەڵاتی بۆ ماوەیی، کردە بەخشینی دەسەڵاتی خۆی بۆ کوڕەکانی!!.

ئەوەی کە نەوەی نوێ شانسی لاوازە، ئەزموونی بزوتنەوەی گۆڕانی ٢٠٠٩ دوبارە بکاتەوە، بەمانایی ئەوە نییە گوێ بەو رەوتە نەدرێت و دەرگای بۆ والابکرێت فریوکاری بکات. نابێ ڕێگەبدرێت جەماوەری وەزاڵەهاتوو بکاتە زەخیرەی ئامانجەکانی، کە لە ئێستادا بەدوای ئەوەوەیە کە یەکێتی و پارتی بەرەسمی بناسن.

**ناوەراستی ئۆگەستی ٢٠٢٠**

دوا لاپەڕە 15/8/2020 (81) سالی چوارەم، ژمارە
بۆپێشەوە
FORWARD بلاوكراوەيەكى سياسى سۆشياليستييه
Forward

هاوکاری سەرنووسەر: ئاراس ڕەشید
نووسەرانی ئەم ژمارەیە:
شوانە حەسەن، ئاراس ڕەشید، ئارام حەسەن، عەبدوڵا مەحمود، عەبدالرحمن ڕەسوڵ، هەتاو عەبدوڵاهی، هیوا ساڵح، کاوان قادر، حەکیم میرزا، ئەحمەد جوانکار، خالید بایەزیدی...

لەگەڵ دۆسیەیەکی تایبەت بەناوی"هەلومەرجی سیاسی هەرێم و پرسی ڕامالینی دەسەلاتی هەرێم"

بۆپێشەوە
سەرنووسەر: عەبدوڵا مەحمود
ڕاوێژكاری سەرنووسەر: ڕێبوار ئەحمەد
بۆناردنی بابەتو پەیوەندی:
bopeshawa@gmail.com
بۆ پەیوەندی بەسەر نووسەرەوە:
abdulla.mahmud@gmail.com
بۆ خویندنەوەی بابەت و وتارەکانی بۆ پێشەوە سەردانی سایتی بۆ پێشەوە بکەن:
www.bopeshawa.net

# چوار ساڵ بەسەر تیرۆری رۆژنامەنووس وەدات حسێن دا، تێدەپەڕێت، تۆمەتبارانیش ئازادن!!



١٣ ئابی ٢٠١٦ رۆژنامەنووس وەدات حسێن لە ناوجەرگەی شاری دهۆکدا، لەلایەن چەند چەکدارێکەوە، ڕفێنراو پاشان بەبرینێکی سەختەوە لەسەر رێگای سومێل- دهۆک جەستەی زامدارو لەخوێن هەلکێشراوی دۆزرایەوە، پاشان لە نەخۆشخانە گیانی لەدەستدا.

١٣ ئەم مانگە چوار ساڵ بەسەر ئەم کردەوە تیرۆریسیەدا تێپەربوو، کەچی تا ئێستا بکوژ و نەخشەدارێژەری ئەم رفاندن و تیرۆکردنە، وەکو باقی تیرۆرەکانی تری رۆژنامەنووسان، ئاشکرا نەبووە.

دوا چوار ساڵ لە تیۆری رۆژنامەنووس وەداد حسێن، دەزگاکانی حکومەت!! و دەسەلات، نە سەرەداوێکی ئەم تیرۆرەو نە تاوانبارێکی ئاشکرا نەکردووە، لەکاتێکدا هەر ئەو دەزگایانە بۆ سەرکوتی رابەرانی جەماوەری و خۆپیشاندەران، بۆ دۆزینەوەی نەیارانی دەسەلاتیان، چاوتیژ و تیژڕەون و لەماوەیەکی کەمدا روداو و دۆسیەی زۆر ئالۆز لە رێگای دەزگا و جاسوسەکان و پیاوە نۆکەرەکانیانەوە، ئاشکرا دەکەن و دەدۆزنەوە. ئەمەش ئەوە نیشان دەدات کە خودی دەسەلات ئاگاداری ئەم پیلانە چەپەڵەی تیرۆرەو لەژێر باڵی ئەوان بەدەستی خۆیان یان بەئاگاداری ئەوان، ئەنجام دراوە. بەناو ئۆپۆزیسیۆنی دەسەلات و ئەو هێزانەش کە بانگەشەی بەرگری لە ئازادی و رۆژنامەنووسان دەکەن و لەهەموو شارەکانی کوردستاندا بوونیان هەیەو دەتوانن کاری دۆزینەوەو ئاشکراکردنی تۆمەتباران ئەنجام بدەن، بێدەنگەیان هەلبژاردووەو ئامادەنین، بەکردەوە خۆیان بکەنە خاوەنی ئەو دۆسیانەی پەیوەندیان بە ئازادی و ئازادی کاری رۆژنامەگەرییەوە هەیە. ئەوەی دەنگی نەفرەت و تورەیی بەرووی ئەم پلانەدا بەرزکردۆتەوە یان خەریکی ئیدانەو چالاکی و بەدواداچوونە، ژمارەیەکی کەم رێکخراوەی مەدەنی دەست کورت و ژمارەیەک رۆژنامەنووسی ویژدان زیندووی نەکڕدراو کەڕ نەکراون و کوێرنەکراون. دۆسیەی وەداد و تەواوی رۆژنامەنووس و هەلسوراوانی سیاسی و ئازادی و قوربانیانی، دۆسیەکی کراوەیەو تا سەر دیزە بەدرەخۆنە ناکرێن و ناشاردرێنەوە، رۆژێک دێت، تۆمەتباران و نەخشە دارێژەرانی پشتیان، توشی لێپێچینەوەی عەدالەتخوازی بکرێن، ئەم رۆژە هەر دێت.

## تازەترین بەرهەمی هونەرمەند هیوا ساڵح




**دوا کات بۆ ناردنی بابەتەکانی ژمارەی داهاتوو 28/8/2020**

## دوا وتە

# نەوەی نوێ و خۆپیشاندان

**عەبدوڵا مەحمود**



جارێکی تر نەوەی نوێ بانگەوازی خەڵکی کوردستانی کرد بۆ خۆپیشاندانی جەماوەری لە دژی دەسەڵات. پیشتر و چەند مانگێک لەوە پیش هەمان خواستی لە جەماوەر کرد. دیارە لە داهاتوشدا تا ئەوکاتەی دەمی دەگاتە شیرینی دەسەڵاتی تالانچی، بانگەوازی جەماوەر دەکات بۆ نارەزایەتی دەربرین و خۆپیشاندانی جەماوەری.

نەوەی نوێ، ڕەوت و باڵێکی بۆرژوازیی تازە پێگرتووی ناو خانەوادەی بۆرژوازی کوردە، خوازیاری ریفۆرمی دەسەڵاتە تا کراوەترو باشتر مامەڵە لەگەڵ کۆمپانیا و سەرمایە بکات و ئازادی زۆرتر بە بازاڕی ئازاد و جموجۆڵی سەرمایە بدات. دەستی حزب لە بەرهەمهێنان و وەبەرهێنان و زەمینەی ئابوریدا کورت بکاتەوە. کراوەتر بێت لەبەرامبەر بە سەرمایەدا، بێ گوێدانەی پێگەی دەسەڵاتی حزبەکان و کۆمپانیاکانیان.

خاوەنی یەکەم و دوایی نەوەی نوێ، بازرگانێکی سەرمایەدارو هەڵتۆقیوی ناو کەشی گەندەڵستان و دزی سیستماتیکی دەسەڵاتە، کە دەیەوێت لە کۆمپانیاو بازرگانێکی ناسراوەوە ببێتە سیاسی و رێکخراوەیەکی ناودار و بەڕەسمی ناسراو.

لەهەنگاوی یەکەمدا و شەپۆلی یەکەمی هێرشی بۆ سەر دەسەڵاتی سیاسی کورد، لەڕیگای میدیایەکی زەبەلاحی پێگرتوو لە دڵی دزی و گەندەڵیدا، بۆ ئەوەیە حزب و هێزە سیاسیەکانی دەسەڵات خۆی وەکو کەسایەتیەکی سیاسی و ڕەوتی نەوەی نویش وەکو ڕێکخراوەیەکی سیاسی بەفەرمی بناسن.

هێشتا یەکێتی و زۆرتریش پارتی، لەبەرامبەر بەو خواستەی سەرۆکی نەوەی نوێدا لاموبالاتن و ئامادەنین چ سەرۆک و چ نەوەی نوێ وەکو سەرۆک و ڕێکخراوەیەکی سیاسی لە پێکهاتەی ڕیزی ئەحزب و ریکخراوە سیاسییەکانی کوردستاندا بەڕەسمی بناسن، ئەمە دۆخێکی دروستکردووە کە رەوتی نەوەی نوێ برگەی یەکەمی هەوڵەکانی خۆی بە هێرشێکی سیستماتیکی میدیایی بۆ سەر دەسەڵات و تایبەت تریش بۆسەر پارتی دەست پێبکات. بۆ ئەم مەبەستە میدیایەکی گەورەی خستۆتە گەر تا بەشێک و تەنها بەشێک لە روخساری دزیوی دەسەڵات و تالانی و سەرکوتگەرییەکانی بخاتە پیش چاو، بێ ئەوەی دەست ببات و چاو و گوێچکەی بینین و بیستنی ڕیشەی چینایەتی ئەو بێمافی و دزی و تالانی و چەوساندنەوەیە ببینێ و ببیستێ.

بۆ لاپەڕە 11